# هاوکاری

التضامن

ژمارە ۱۷۱ ۱۵-٦-۱۹۷۳

نرخی (۲۰) فلسە

تەلەفون ۲۰۳٦٠

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و لە دار الحریە چاپ ئەکرێ


### جەژنی رۆژنامەگەری عیراق

ئیمرۆ بەبۆنەی تێپەڕبونی ۱۰٤ ساڵ بەسەر دەرچونی رۆژنامەی - زوراء - ەوە رۆژنامەنوسانی عیراق ئاهەنگ ئەگێڕن • ئیوارەش بەسەرپەرشتی وەزیری راگەیاندن لەیانەی - الصید - لە منصور ئاهەنگیك سازئەکرێ و لەسەعات شەش و نیودا بەردی بناغەی بارەگا تازەکەی نەقابەی رۆژنامەنوسان لەنزیك باغچەی زوراء دائەنرێ • ئنجا خەلات بەسەر ئەو رۆژنامەنوسانەدا دابەش ئەکرێ کە باشترین ریپورتاج و لێکولینەوەیان نوسیوە • ئا•د•ع

### وەزیری تەندروستی لەگەڵ وەفدێکا بەرەو پەکین کەوتە ڕێ

رۆژی چوار شەممەی رابوردوو دکتور عزة مصطفی وەزیری تەندروستی لەگەڵ وەفدیکا بەسەردان چو بۆ پەکین • وەزیری تەندروستی وتویە : لەسەردانەکەمانا چاومان بە داوودەزگا تەندروستیەکانی کوماری گەلی چین ئەکەوێ وە دەربارەی پەیوەندی نێوان دەزگا تەندروستیەکانی هەردوو ولات گفتوگۆ ئەکەین ، وەفدەکەش پێکهاتبو لە دکتور تحسین معلەو دکتور عبداللطیف بدری و دکتور کمال سامرائی و دکتور فرحان باقرو دکتور عبدالامیر الازدی • ئا•د•ع

# ئەمریکا ٦٠ ملیۆن دۆلار بۆ لە ناو بردنی پێشمەرگەی فەلەستین دائەنێ

## گەلی عیراق بەخێرهاتنی نوێنەری شۆڕشگێڕانی کەمبۆدیا ئەکا

● رۆژی چوار شەممەی رابوردوو سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر سەری لەخەستەخانەی رەشید دەولەوێ لەلایەن دکتور زکی احمد حمدی بەریوەبەری خەستەخانەکەوە پێشوازی کرا • سەرکۆمار بەشەکانی خەستەخانەکەدا گەڕاوەو چاوی بە عبدالوهاب احمد کەوتوە کە بۆیەکەم جار لەعیراقا گورچیلەیەکی بەعملیات لابراوەو لەچێکایا گورچیلەیەکی تری بۆ دانراوە ، ئەوەی جێگای باسە دایکی نەخۆشەکە گورچیلەیەکی ساغی خۆی پێ بەخشیوە ● ئا•د•ع

ئێوارەی چوار شەممەی رابوردوو بەرێز سارین چاك وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کەمبودیا بەمیوانی هات بۆ عیراق • وە لەفروکەخانە لەلایەن کاك مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری دەرەوە ، وە هەردوو جێگری وەزارەتی دەرەوەو بالیوزی ولاتانی عەرب و سوشیالیستی یەوە پێشوازی کرا •

کاك عبدالباقی دوای بەخێرهاتن کردنی وەزیری دەرەوەی شورشگێڕانی کەمبودیا وتویە : شادمانین کەوا دیدەنی یەکتری ئەکەین و لەگەڵ نوینەری بەرەی یەکێتی نیشتمانی کوئەبینەوە ، ئەو بەرەیەی کە دژی ئیمپریالیزم ئەجەنگێ • وەوتویە : حکومەت و گەلو هێزە نیشتمان پەروەرەکانی عیراق پشتگیری خەباتی رەواتان ئەکەن •

ئنجا بەرێز چاك سوپاسی کاك عبدلباقی کردوەو وتویە : پێخۆش حالم بەدیدەنی تان و سوپاسی ئەو هەلویستە جوامێرەتان ئەکەین کە دەربارەی گەلی کەمبودیا نواندوتانە • وەوتویە هەر لەیەکەم رۆژەوە عیراق حکومەتی یەکێتی نیشتمانی کەمبودیای بەرەسمی ناسی و لەکۆڕو ریکخراوو کونگرەکانی دەولەتانا داکۆکی لەسەر کردوە • وەوتویە گەلی کەمبودیا خەبات و سەرکەوتنی گەلی عەرەب لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا بەخەبات و سەرکەوتنی خۆی ئەزانێ • وەلەکۆتاییدا وتویە : میر سیهانوك لە مانگی ئەیلولی ئاینەدا بەمیوانی سەر لەعیراق ئەدات بۆ ئەوەی بەناوی گەلو حکومەتی کەمبودیاوە سوپاسی عیراق و سەرکۆمارەکەی بکات •

ئا•د•ع

## جەژنی رۆژنامەگەری و ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنوسانی ولات

یادی پیرۆزی جەژنی رۆژنامەگەری عیراق ، رۆژنامەگەری کوردو عەرەب ، دووخالی گرنگمان بیر ئەخاتەوە • یەکەمیان : رۆژنامەی کوردی و عەرەبی لەمەوپێش چۆن بون و چۆن دەرکراون و ژیان و گوزەرانی رۆژنامەنوسان چۆن بووەو ••• دووەمیان : ئەبێ ئەرکی ئەمڕۆی رۆژنامەو رۆژنامەنوسانی کوردو عەرەب بەگشتی و کوردو عەرەبی عیراق بەتایبەتی چی بێت •

بێ گومان وەلامدانەوەی ئەم دوو خالە گرنگە لە نووسینێکی کورتی وادا هەرگیز ( نادرێتەوە ) بەلام چاوپیاخشاندنێکی رووداوەکانی رابووردووی رۆژنامەو رۆژنامەنوسانی کوردو عەرەب ئەوەمان ئەخاتەوە بیر کەهەمیشە نالاندویانە بەدەست داگیرکەران و کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم و کاربەدەستانی زۆردارو نەزان و نەحەزی ئەم پیشە پیرۆزەوە •

لەناو هەموو گەلێکدا رۆژنامە وەکو سەرەتای پێشکەوتنی گەلان هاتۆتەکایەوەو ئەرکێکی گەورەی نواندوە لە کۆڕی پێش خستنی هوشیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانیاری داو پێشکەوتنی رۆژنامەو ئازادی رۆژنامەنوسان پێشکەوتن و ئازادی گەلانی پێ کێشراوە •

ئاشکرایە کە نووسین ، نوسینی ئازادی هوشیار بەری تێکوشانی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی و چینایەتی پاك ئەکاتەوە بەتایبەتی نووسینی رۆژنامە کە بۆ زوربەی زۆری گەل ئەنوسرێت بۆ کرێکارو جوتیارو کاسبکاران و هەموو بەشە زۆرلێکراوەکانی تری کۆمەلگای چینایەتی و کۆمەلگای ژیردەستە •

بۆیە پارتی یەشوڕشگێڕەکان پەنایان بردۆتەبەر رۆژنامەی نهێنی و هەبەتی جارکادێرە رۆژنامەنووسەکانیان، لەم رێگا پیرۆزە بایەخدارەدا خۆیان بەکوشتن و لەسێدارەدان و بەندیخانەو ئازارو کوێرەوەری تر گەیاندووەو هەرگیز نەبەزیون و مەیانی خەباتی رۆژنامەگەریان چۆل نەکردووە •

بەپێچەوانەی ئەمانیش حکومەتە کۆنەپەرستەکان و داگیرکەرانی ولاتان بەهەموو شێوەیەك چوون و ئەچن بەگژ رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی ئازادو دلیرو خاوەن بیروباوەڕی راستەقینەدا • وە کەبۆیان نەکرابێت بەتەواوەتی رێگا لەرۆژنامەگەری بگرن پەنایان بردۆتەبەر رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی بەکرێگیراو کەبە لەبریتی خزمەت کردنی گەلو نیشتمان رێگای فریودان و خەلەتاندنی کۆمەلانی خەلکیان گرتۆتەبەر •

جاسەبارەت بە رۆژنامەی کوردو عەرەب و رۆژنامەنووسان هەر لە زەمانی عوسمانلی یەکانەوە تا چواردەی تەموزی ۱۹۵۸ هەمیشە ئەم پیشەیەو خاوەنەکانی ئالاندویانە بەدەست ئەم کاربەدەستە زۆردارانەوەو چەندان جار رۆژنامە داخراوەو رۆژنامەنووسان هەمەجۆرە سزا دراون و دەربەدەرو مال ویران کراون •

دوای چواردەی تەموزی پیرۆز ، وەیەك راپەڕینێکی نووسین و رۆژنامەگەری کوردی و عەرەبی هاتەکایەوە کەلێ رۆژنامەی پارتی یە سیاسی یەکان و کۆمەلە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکان هاتنە کۆڕی تێکۆشانی ئاشکراوە بەلام داخمان ناچێ ئەمیش وەکو هەموو لایەنە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی یەکانی تری هەردوو گەل کوردو عەرەب دووچاری شلەژان و تێك دان و پەلامار بوو وە ئەو رۆژنامانە هەموو داخران و رۆژنامەنووسانیشی دووچاری دەربەدەری و گرتن و لەناوچوون بوون •

بەلام لە سێبەری سیستەمی نیشتمان پەروەری ئێستادا تارادەیەکی باش ئەم پێشەیە ڕوو لەگەشانەوەو پێشکەوتنەو کەلێ تارمایی رابوردوی لەسەر ڕەوی وەتەوەو رۆژنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ئەدەبی شان بەشانی یەکتری هاتونەتەکایەوە • لەگەل ئەمەشدا هەموو گیروگرفتەکانی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان چارەسەر نەبووە بەتایبەتی هی کوردی کەتائیستا چاپخانەیەکی کوردی رێکوپێك و خاوەن وزەو توانا دانەمەزراوە کە هەرچەندە کەلێ لا بیری دامەزراندنی چاپخانەی کوردی کردۆتەوە بەلام ئەبوایە لەبریتی بیرکردنەوە ئێستا لەکۆڕی کارکردن و بەرهەمهێنان دا بوایە • جگە لەوە ئاستی رۆژنامەنووسی لەناو کوردا بەرادەیەك نزمە کە نەگەیشتۆتە هیچ ئاستێکی تری ژیانی

بڕوانە ل -۷-

## ئیسرائیل خەریکی پەلامارێکی ترە بۆسەر لوبنان

بیروت :۱۳-٦ ئاژانسەکان: دوو رۆژە ئیسرائیل هێزێکی گەورە لەسەر سنوری لوبنان کۆبەتەوە لە هەلکەوتەی تفاق و چەکی شەڕ بو سەرسنور ئەنێری • هەروەها خەلکی گوندەکانی ناوچەیەش چەند پولێك تانکو زرێ پوشیان بینیوە کە دوژمن بەرەو سنوری لوبنان ناردونی • لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەی - المحرر - کە لەبیروت دەرئەچێ بلاوی کردەوە کە پێشمەرگەکانی فەلەستین لە دەولەتێکی سوشیالیستی یەوە ژانبویانە کە ئیسرائیل ئەیەوێ هێرشێکی تر بکاتە سەرلوبنان بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی فەلەستین • وە ئیسرائیل بەم هێرشەی ئەیەوێ سەرلەنوی باری ناوخۆی لوبنان بشێوێنێتەوەو سود لەو ساردیە وەربگرێ کە لەنێوان پێشمەرگەکان و حکومەتی لوبنانداهەیە •

المحرر ئەلێ : وازانراوە کە دەزگای مخابەراتی ئەمەریکا • ٦٠ ملیون دولاری تەرخان کردوە بۆ لێدان و لەناوبردنی پێشمەرگەکانی فەلەستین لەلوبنانا ، وە چەند نەخشەو پیلانێکی بۆ ئەم مەبەستەی داناوە •

لەلایەکی تریشەوە پارتی و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی لوبنان بڕیاریان داوە کە ئیمرۆ - هەینی - کۆبنەوە بۆ لێکولینەوەی باری ئیستای ناوخۆی لوبنان و پاشەڕۆژی پەیوەندی نێوان پێشمەرگەکانی فەلەستین و حکومەتی لوبنان •

***

## ئەندامێکی ئەنجومەنی سەنای ئەمەریکا ستایشی رێژیمی ئەردەن ئەکات

واشنتۆن : ئا•د•ف : کورتیس تار : جێگری وەزارەتی « یارمەتی ئەمەریکا » رۆژی ۱۲-٦ لەبەردەم ئەنجومەنی سەنادا لەواشنتون وتویە : رێژیمی ئیستای ئەردەن ئاسایشی ئیسرائیل راگیرو زامن ئەکات ، وەهەر رێژیمێکی تر بێتەسەرکار هەرەشە لەم ئاسایشە ئەکات •

وەوتویە پرچەك کردنی لەشکری رێژیمی ئەردەن سەبارەت بە راگیرکردنی ئاسایش و ئەمنی ئیسرائیل لەوە گرنگترە کەچەك و تفاق بدرێت بە تەل ئەبیب • هەروەها تار وتویە : جگەلەمەش پرچەك کردنی لەشکری عەممان یارمەتی ئەردەن ئەدات کەگیروگرفتەکانی ناوخۆیشی پێ چارەسەر بکات •

تار لەکۆتاییدا وتویە : ٥ر٧٧١ ملیون دولار لەبودجەی تازەی ئەمەریکادا تەرخان ئەکرێت بۆ یارمەتی دانی ئەو رێژیمانەی کەسەر بەئەمەریکان •

## مەرگی پرکتەری هەردو بەشی کۆریا گفتوگۆ؟

سیئۆل : رویتەر : رۆژی ۱۲-٦ گفتوگۆی دوو قۆلی نیوان وەفدێکی کۆریای دیموکرات و رێژیمی کۆریای خوارو لە سیئول دەستی پێ کرد • وەفدەکەی کوریای دیموکرات لەم وتوویژەدا بەسەرۆکایەتی باك شونگ شولی جێگری سەرەك وزیران بوەو وەفدەکەی سیئولیش بەسەروکایەتی لی هوراکی بەریوەبەری دەزگای مخابەرات بوە •

ئاگاداران لەوباوەڕەدان کە هەردوو لا لەو وتوویژەدا بڕیار ئەدەن کەلەمەولا بۆ ئیستەگە هێرش نەبەنە سەر یەکتری و پێنج لیژنەیەك بهێنن بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان هەردوو بەشی کۆریا •• لیژنەکانیش ئەمانەن : لیژنەی سیاسی و لیژنەی ئابوری و کۆمەلایەتی و کاروباری لەشکرو دیپلوماسی •

## رەگەزپەرستانی بریتوریا سێ نیشتمان پەروەریان تیرباران کردوە

بریتوریا : ۱۱-٦ رویتەر : رێژیمی رەگەزپەرستی خواروی ئەفەریقا سێ نیشتمانپەروەری لەشاری بریتوریا تیرەباران کردوە بەتۆمەتی ئەوەی گوایە خەلکیان کوشتوە • وەلەم سێ کەسە یەکێکیان ئافرەت بوە • بەم پێیە رێژیمی رەگەزپەرستی بریتوریا ئەمساڵ ۱۹ نیشتمان پەروەری بەتۆمەتی پرۆپۆچ تیرەباران کردوە •

## تەواو بوونی کۆبونەوەکانی پەیمانی سەنتۆ لە تاران

تاران : رویتەر : رۆژی ۱۱ی ئەم مانگە بیستەمین کۆبونەوەی وەزیری ولاتانی ئەندام لەپەیمانی سەنتۆدا لەتاران کۆتایی هات وەبەیاننامەیەك دەربارەی کاروباری کۆبونەوەکان بلاوکرایەوە تیایا وتراوە :

**چالاکی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە پەیمانی سەنتوی نارەحەت کردوە • وەپەیمانەکە بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵئەدات کە بەگژ بزوتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانیەکانی ناوچەکەدا بچێ •**

بەیاننامەکە بایەخی داوە بەو تەقەللایەی کەلەپێناو « چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ! » مەسەلەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئەدرێت •

لەلایەکی تریشەوە عەبدس خاعتبری وەزیری دەرەوەی ئێران لەگونکرەیەکی رۆژنامەنوسیدا وتویە ناوچەی خلیج ناوچەیەکی پڕلە ئاشوبەو کۆبونەوەکانی ئەمجارەی سەنتو ئەنجامێکی باشی هەبوە • وە ولیم روجەرزی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وتویە : پەیمانی سەنتو دلسۆزترین پاسەوانە بۆ پاراستنی خلیج و ناوچەکە لەدەست هێزە رزگاری خوازەکانی خلیج •

ئەوەی شایانی باسە پەیمانی سەنتو لەئێران و تورکیا و پاکستان و بەریتانیا پێك هاتوەو ئەمەریکا وەکو ئەندامێکی بەشدار لەپەیمانەکەدایە • بڕیاریش وایە کە لە مانگی ئایاری ساڵی ۱۹۷٤دا ولاتانی پەیمانی ناوبراو لە واشنتون کۆ ببنەوە •

## دەستپێ کردنی وتوێژی نێوان عیراق و بولگاریا

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو تانو تسولوف جێگری سەرەك وەزیرانی بولگاریا لەگەڵ وەفدێکا بەسەردانێکی رەسمی هات بۆ عیراق •

لەم سەردانە یا لەگەڵ کاربەدەستانا دەربارەی پەیوەندی دوو قولی هەردوو ولات گفتوگۆ ئەکات • وەفدەکەی بولگاریا وەزیری کارو بازرگانی دەرەوەو جێگری وەزیری دەرەوەو هەشت پسپوری تیایە • وە وەفدی عیراق لەم گفتوگۆیانەدا بەسەرۆکایەتی طە جەزراوی وەزیری پیشەسازی ئەبێ •

ئا•د•ع

## لیبیا کۆمپانیای نەوتی بنکر هنتی ئەمەریکایی میللی کرد

طرابلس : ۱۱-٥ ئاژانسەکان : بەبۆنەی بیرەوەری سێ ساڵەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەبنکەی ( هویلز )ی لیبیا کەئیستا بەبنکەی ( عقبەبن نافع ) ناونەبرێ • معمر قذافی سەرۆکی لیبیا وتارێکی خویندەوە تیایدا رایگەیاند کە لیبیا کومپانیای نەوتی ( بنکر هنتی ) ئەمەریکایی میللی کردوەو پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئەلەمانیادا دائەمەزرێنێ •

وە شەوی ۱۳-٦ رادیوی طرابلس بلاوی کردەوە کە بەپێی ئەم بڕیارەی لیبیا دەزگاو ماڵ و دامەزراوە مولکەکانی ئەم کۆمپانیایە ئەبێ بە مولکی لیبیا •

ئەوەی شایانی باسە ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ کومپانیای ( بریتش پیترۆلیومی ) بەریتانیا لەناوچەی - سریر - نەوتیان دەرئەهێنا • ئەوەبو لە

بڕوانە ل -۷-

## کورتە هەواڵ

● بلفاست : ئاژانسەکان : رۆژی ۱۳-٦ کیسەیەك ماددەی تەقەمەنی لە ئۆتومبێلیکا لەشاری کولدانی ئیرلەندەی ژوورو تەقیوەتەوەو شەش کەس کوژراوەو ۳۰ی تر برینداربوون •

● پراگ : ۱۳-٦ ئەدن : گۆستاف هۆساك سکرتیری گشتی پارتی کومونیستی چیکوسلۆفاکیا بەسەردان چوو بۆ کۆریای دیموکرات • هوساك دوای پیونگ یانگ سەر لە مەنگۆلیا ئەدات •

● هاڤانا : رویتەر : جەزایرو کوبا هەفتەی رابوردوو پەیمانێکی هاوکاری ئابوری و بازرگانیان مۆرکرد • بەپێی ئەم پەیمانە لەم ساڵەوە تاوەکو ساڵی ۱۹۷٦ هەردوو لا ئالوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ یەکتریا ئەکەن •

institut kurde de paris

بەبۆنەی هاتنی وەزیری دەرەوەی کەمبودیاوە بۆعیراق :

## هەفتەی باسێك

## بەرەی گەلان دژی ئیمپریالیزم رۆژ بە رۆژ بەهێزتر ئەبێ

رۆژی چوار شەممەی رابوردو ، بەریز سارین شاك وەزیری دەرەوەی حکومەتی بەرەی یەکیتی نیشتمانی کەمبودیا بەسەردانیکی رەسمی کە چەند رۆژێك ئەخایەنێت گەیشتە بەغدا ٠ وەلەو ماوەیدا لەگەل کاربەدەستاندا کۆئەبێتەوە ٠

هاتنی نوێنەری کەلەو حکومەتی شەرعی کەمبودیا بە سەرکردایەتی سامیریچ سیهانوك هەنگاویکی گرنگە بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان گەلی تیکۆشەری کەمبودیاو گەلی عیراق ٠

گەلی کەمبودیا لەسالی ۱۹۷۰ وە دلێرانە بەرەنگاری هێرشی درندانەی هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی و دەستە خۆفروشەکەی لون نول سیریك ماتاکی بەکری گیراری ئەمەریکا بۆتەوەو بەو بەرەی ئازایەتی و فیداکاریەوە دەستی داوەتە چەك لە بینەاوی رزگاری و سەربەخۆیی و پیشکەوتنی نیشتماندا ٠ ئەو خەباتە سەختەی گەلی کەمبودیا دژی داگیرکەران خەباتیکی رەوایە ، بۆیە گەلان و هەموو سیستەم و هێزە پیشکەوتو و ئازادی خوازەکانی جیهان بەگەرمی پشتگیری ئەکەن و حکومەتی بەرەی یەکیتی نیشتمانی بەسەرکردایەتی سامیریچ سیهانوك بە حکومەتی شەرعی ئەناسن و حکومەتەکەی لون نول بە دەزگایەکی دەستکردی ئەمەریکا ئەزانن کە ئەرکی چێبەجێ کردنی مەرامەکانی ئەمەریکای گرتۆتە ئەستۆ ٠ هەروەك چۆن مێژوو چەسپا ندویەتی کە خەباتی عادیلانە هەمیشە هەلویستێکی ئاساییە ، چونکە خەباتی گەلان لە سەرانسەری دنیادا دژی ئیمپریالیزم و زوڵم و زۆرو لەپێناوی مافە رەواکانیاندا ، زنجیرەیەکی لەپسان نەهاتوو سەرکەوتنی هەر گەلێك سەرکەوتنە بۆ گەلانی تری ئازادی و ئاشتی خواز بۆیە هەر گەلێك کە هەز بەسەرکەوتنی خۆی نەکات ئەبێ پشتگیری مافی گەلانی تریش بکات و هەوڵی پتەو کردنی پەیوەندیان لەگەل بدات ٠ وەنەبێ ئەوەش ئاشکرا بێت کە پشت بە خۆبەستن پیش هەموو شتێك ئینجا پشت بەستن بەیارمەتی گەلان مەرجی بنەرەتی سەرکەوتنن ٠ ئیتر دڵنیان ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی حکومەتی شورشگیرانی کەمبودیا لە عیراق پەیوەندی نێوان هەردو گەلی کەمبودیاو عیراق بە کوردو عەرەبەوە پتەوتر ئەکات و هەروەکو هاوکاری نێوان هەردو حکومەت لەپێناوی قازانجی هەردولا بۆ بەگژا چونی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بەهێزتر ئەکات ٠

**یاسین جمال**

نوزدوم سیهانۆك هەنگاویکی گرنگە بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان گەلی تیکۆشەری کەمبودیاو گەلی عیراق ٠

گەلی کەمبودیا لەسالی ۱۹۷۰ وە دلێرانە بەرەنگاری هێرشی درندانەی هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی و دەستە خۆفروشەکەی لون نول سیریك ماتاکی بەکری گیراری ئەمەریکا بۆتەوەو بەو بەرەی ئازایەتی و فیداکاریەوە دەستی داوەتە چەك لە بینەاوی رزگاری و سەربەخۆیی و پیشکەوتنی نیشتماندا ٠ ئەو خەباتە سەختەی گەلی کەمبودیا دژی داگیرکەران خەباتیکی رەوایە ، بۆیە گەلان و هەموو سیستەم و هێزە پیشکەوتو و ئازادی خوازەکانی جیهان بەگەرمی پشتگیری ئەکەن و حکومەتی بەرەی یەکیتی نیشتمانی کەمبودیا بەسەرکردایەتی سامیریچ سیهانوك بە حکومەتی شەرعی ئەناسن و حکومەتەکەی لون نول بە دەزگایەکی دەستکردی ئەمەریکا ئەزانن کە ئەرکی چێبەجێ کردنی مەرامەکانی ئەمەریکای گرتۆتە ئەستۆ ٠ هەروەك چۆن مێژوو چەسپا ندویەتی کە خەباتی عادیلانە هەمیشە هەلویستێکی ئاساییە ، چونکە خەباتی گەلان لە سەرانسەری دنیادا دژی ئیمپریالیزم و زوڵم و زۆرو لەپێناوی مافە رەواکانیاندا ، زنجیرەیەکی لەپسان نەهاتوو سەرکەوتنی هەر گەلێك سەرکەوتنە بۆ گەلانی تری ئازادی و ئاشتی خواز بۆیە هەر گەلێك کە هەز بەسەرکەوتنی خۆی نەکات ئەبێ پشتگیری مافی گەلانی تریش بکات و هەوڵی پتەو کردنی پەیوەندیان لەگەل بدات ٠ وەنەبێ ئەوەش ئاشکرا بێت کە پشت بە خۆبەستن پیش هەموو شتێك ئینجا پشت بەستن بەیارمەتی گەلان مەرجی بنەرەتی سەرکەوتنن ٠ ئیتر دڵنیان ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی حکومەتی شورشگیرانی کەمبودیا لە عیراق پەیوەندی نێوان هەردو گەلی کەمبودیاو عیراق بە کوردو عەرەبەوە پتەوتر ئەکات و هەروەکو هاوکاری نێوان هەردو حکومەت لەپێناوی قازانجی هەردولا بۆ بەگژا چونی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بەهێزتر ئەکات ٠

**یاسین جمال**

# دەوری رۆژنامە وگۆڤار لە خەباتی گەلی کوردا

**- عزیز محمود علی -**

رۆژنامەگەری و دەزچوونی رۆژنامەو گۆڤار لەناو گەلاندا بەندە بەزرووفو بەو سەردەمو کاتەی کە ئەو گەلانە پێیایا ئەڕۆن و کارئەکاتە سەر بێشخستن و بەرەو پێشەوە چوونیان و ئەبێتە هۆی پتەو کردن و زیاتر جۆش دانی خەباتیان لەپێناوی ئامانج و ئاواتەکانیانا ٠

رۆژنامەی کوردیش هەر لەیەکەم رۆژی بڵاوبونەوەیەوە تا ئێستا بە بەشێکی گرنگی ئەبچراو دەژمێردرێت لەخەباتی ئەتەوایەتیمان و سەرنگی محەك بوە بۆ بوونی دیموکراتیەت لەو وڵاتانەدا کە کوردی تێدا ئەژی و ئاقی کردنەوەیەکیش بوە بۆ لە بارەبوون و نەبوونی دیموکراتیەت و چۆری بەیوەندیان ٠

رۆژی ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸ رۆژی دەر کەوتنی رشمگی مەشخەڵی خەباتی ئەتەوەکەمانە وە رۆژی بانگ دانیك بوو بۆ گۆڕینێکی بنەرەتی لە خەباتی ئەپساویدا ٠ وە رۆژی دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردی رۆژی دەرکەوتنی وشەی ئەترس و ئازای گەلی کوردە ٠

دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات نیشانەی ئەوەبوە کە کوردئەتوانیوە لە ناو بێشمانی خۆیدا بەزمانی زگماکی خۆی بیروڕای خۆی بڵاو بکاتەوە ، بەڵام نیشانەی ئەوەشە کەکوردکۆڵی نەداوەو یە هەموو توانایەکیەوە هەر هەوڵی داوە کە دەنگی خۆی بە گەلانی تری دنیا بگەیەنێت و بیری باوەری ئەتەوایەتی بێشکەوتوانە بە رۆڵەکانی گەلی کوردی بگەیەنێ ، وە هەر لەو کاتەوە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی بە پیشکەوتنخوازەکان دەوریکی پڕبایەخو گرنگیان دیوە لە هوشیار کردنەوەو هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئامادە کردنیان بۆ خەبات لە پێناوی مافە رەوا نەتەوەکراوەکانیاندا ٠ وەلەم ماوانەدا هەمووی بە رەدەوام رۆژنامەکان ئاشکرا و سەربەست نەبوون ، بەڵکو ئەتوانین بڵین لەژمارەیەکی زۆر رۆژنامەو گۆڤار بە نهێنی دەرئەچوون و ئاکەنە ناو بڵاو کردنەوەی بزوتنەوەی ناو خەڵکیدا ٠

لەکاتی گەشە کردنی زوانناوەی نازدخوازانەی گەلی کوردەوە بەتایبەتی لە سالانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەدواوە ، رۆژنامە گەلی کوردیش لەسەر هەمان رەوت گەشەی کردوە ، هەر لەوسالانەی دوای جەنگەوە گەلیك رۆژنامە دەرچوون وەکو : بانگ حق ، ئومیدی استقلال ، رۆژی کوردستان وە زیاتر وە ، وە هەروەها رۆژنامەی کوردستان کە زمانی حالی حکومەتی شیخ مەحمود بو لە کوردستانی عیراق ٠

لاپەرە - ۲

لە شیلی دا

## هەڵبژاردنەکانی مانگی مارت و پاشە رۆژی چەپرەوەکان

وەرگێڕ : عبدالوهاب تاڵەبانی

-۱-

هەر لەو رۆژەدا لە دەنگدانی گشتی لە فەرەنسادا کرا ، دەنگدانی گشتی لە شیلیشدا کرا ، بەڵام رێکەوتنی ئەم دوو رووداوە لەیەك رۆژدا تەنها شت نیە کە رواڵەتی باری سیاسی فەرەنساو شیلی لەیەك نزیك بخاتەوە ، بەڵکو چەند رویەکی تریش هەیە کە ئەگەر بێتو تەماشایان بکەین نەبینین باری شیلی و فەرەنسا زۆر لەیەك نزیك ئەختەوەو تا رادەیەکیش وەکو یەك ئەبینرین ٠

بۆ نموونە لە هەردوو وڵاتدا رژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی بورژوازی هەیەو بەرەی چەپرەوو وەکو هێزێکی کاریگەر خۆی لە پاڵیدا ئەنوێنێ ، بەڵام لەگەڵ جیاوازیەکدا ٠٠ لە فەرەنسا بەرەی چەپرەو لە دەنگدانی گشتیدا نەیتوانی سەرکەوی و حوکم بگرێتە دەست ، بەڵام لە شیلیدا بەرەی چەپرەوەکان کە بە ( یەکێتی میللی ) ناسراوە ، ئەم بەرەیە توانی لە دەنگدانی گشتیدا سەرکەوی و بچێتە سەر تەختی حوکم ٠

هەروەها رویەکی تری لە یەکچوون لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە لە هەردوو وڵاتدا بەرەی چەپرەو لە بەیەك کەیشتنی پارتی کۆمۆنیست و خاوەن بیروڕا سۆشیالیستەکاندا پێك هاتوە، هەرچەندە جیاوازیەکی ئاشکرای لەنێوان هەڵویستی سۆشیالیستەکانی فەرەنساو سۆشیالیستەکانی شیلیدا هەیە ٠

بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا هەمووجیاوازیەکی گەورەتر لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەیە ، چونکە سەرەڕای لەیەکچوونی قەوارەی حوکم ( بەتایبەتی داو دەزگا دیموکراتیەکانی بورژوازیەکانی دەوڵەت ) ، ئەڵێین سەرەڕای ئەمانە راستی یەکی تر هەیە کە نابێ لەبیری کەین ، ئەویش ئەوەیە کە شیلی تائێستا دەوڵەتێکی دواکەوتوە لە رووی ئابوریەوە و تووشی هەمان گیروگرفتەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتو بوەتەوە ، لە کاتێکا کە فەرەنسا بە جوارەم دەوڵەتی گەورەی سەرمایەداری ئەژمێردرێ ئەگەر بێتو لە رووی بەرهەمی نیشتمانیەوە بەرامبەر ئەمەریکا و ژاپۆنیاو ئەڵمانیا دای بنێین ( لۆمۆند دیبلوماتیك - مارت ۱۹۷۳ ) ٠

خاکی شیلی ئەکەوێتە رۆژئاوای قارەی ئەمەریکای لاتینەوە ، بە درێژای ٤٠٠٠ کیلومەتر لەسەروەوە بە رۆژهەڵاتی کەنارەی پیرۆ ئەکەوێتە سەرووی رۆژهەڵاتی و سەرتاپای سنووری رۆژهەڵاتیەوە ٠

ژمارەی دانیشتوانی شیلی خۆی لە دە ملیۆن کەس ئەدا ، پانایی زەوی و زاریشی دەوری (۷۵۰) هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە ئەبێ ، زمانی رەسمیش زمانی ئیسپانیە ٠

**گۆڕانەکانی ئەم دوایی یە :**

لە پایزی سالی ۱۹۷۰دا ، وە لە ئەنجامی هاوکاری کردنی نێوان شەش پارت و رێکخراوی چەپخوازدا ، بە نایبەتی ، پارتی کۆمۆنیست و پارتی سۆشیالیست ، سەرۆك سلڤادۆر ئەلێندی پێشەوای پارتی سۆشیالیست زۆرنربن دەنگی وەرگرت و حوکمی گرتە دەست ٠

وە ئەنجامی دەنگدانەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو : پاڵێوراوی چەپخواز (ئەلێندی) ۳٦ر۳٪ پاڵێوراوی پارتی نەتەوایەتی ( راستخواز ) ئەلیساندری : ۳٤ر۹ ٠

پاڵێوراوی دیموکراتیەمەسیحیەکان ( تومیك ) ۲۷ر۸٪ ئەلێندی سوودی لە پەرەزی سەرۆکایەتی شیلی بینیو سەرەڕای ئەوەی لەلایەن زوربەی نوێنەرانی پەرلەمانەوە بەرلەمانەوە کانیەکی توند کرا ، توانی دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێو ئەو پرۆگرامەی ( یەکێتی گەلی ) دەربارەی خزمەتی کردنو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ دایناوبو بخاتە کارەوە ٠

هێزە کۆنەپەرستەکان بەهەموو توانایەکیانەوە چوونە بەکۆ حوکمی نوێداو کۆمپانیاو ئۆتۆپۆلەکانی ئەمەریکا و ئاژانسی ئیستیخباراتی ناوەندی ئەمەریکا کەوتنە جوڵەو پیلان نانەوە ، دەست کرایە بارەدەربازکردن بۆ دەرەوەی وڵات و هەندێ کەرتی بورژوازی حوکم بوونەوە ٠ وە گەڵ بەتوندی بەرەنگاری کردەوەکانی نزیك بوونەوەی رژێمی هەڵبژاردنا هێزە کۆنەپەرستەکان زیاتر خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی زوربەی جێگاکانی کۆنگریس (ئەنجومەنی سەناو پەرلەمان ) و لە پاشا رووت کردنەوەی سەرکۆمار لە هەموو دەسەڵاتە دستوریەکانی و گێڕانەوەی باری شیلی بۆ سەردەمی کۆنی پێش ئەلێندی ٠

بروانە ل -۷-

# ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بە ئیسرائیل وئێران هەڕەشە لەوڵاتانی خاوەن نەوت دەکا

**ئامادەکردنی : جەمال**

لە سەرەتای بەهرەوەرگرتنی بازرگانیەوە لەچاوکەنەوتیەکانی دنیا ، کومپانیا نەوتیەکانی وڵاتە سەرمایەداری و ئیمپریالیستیە گەورەکان ، بە پشت ئەستووری دەوڵەتەکانی خۆیان وەزعێکی وایان بەسەر وڵاتانی خاوەن نەوتدا سەپاندوە کە تەنیا دەکرێ ناوی بنرێ تاڵانکردنی ئاشکرا ٠ لەتەواوی ئەوماوەیەدا مۆنۆپۆلەکانی ئیمپریالیستی نەوت و دەوڵەتە ئیستیعماریەکان بە هەموو توانایانەوە هەوڵیان داوە وڵاتەکانی خاوەن نەوت لە دواکەوتوویدا رابگرن و حکومەتی دیکتاتوری و کۆنەپەرستیان بەسەردا بسەپێنن تا بتوانن هەروا درێژە بەتاڵانو بڕۆی خۆیان بدەن ٠

ئێستا کە لەئەنجامی گۆڕانی پارسەنگی هێزەکانداو لە نەتیجەی خەباتی دوورو درێژی کەلە زۆرلێکراوەکانداو درێژەپێدانی ئەم وەزعە ئیمکانی نیە، دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان کەوتوونە بڕوبانوو و دەیانەوێ وا بنوێنن کە کۆیاوڵاتانی خاوەن نەوت نیازیان هەیە نەوت لە سەنعەتی رۆژئاوا ببڕن ٠ لەوەشدا نەتیجە وەردەگرن کە دەبێ بەزۆرو بەهێزی نیزامی رۆیشتنی نەوت بۆ رۆژئاوا دابین بکەن ٠ لەڕاستیدا هۆی بنەڕەتی قەیرانەکە مۆنۆپۆلەکانی نەوتو وڵاتە ئیمپریالیستیەکانن نەك وڵاتانی خاوەن نەوت ٠ چونکە ئەمەوڵاتانە لە ماڤی رەوای خۆیان بەولاوە هیچ داوایەکیان نیە ٠

بەڵام دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان لەجیاتی قبوڵ کردنی ئەمویستە رەوایە رێگای هەڕەشەو پیلانگێڕانیان گرتۆتە بەر ٠ تاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتیجەیەکی تری سیاسەتی نەوتی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانە ٠ گومانی تێدا نیە کە دەوڵەتی سەهیونیستی ئیسرائیل چەکێکە بەدەستی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانەوە بۆ سەرکوتکردنی جوولانەوەی بۆ سەرکەوتن و بردنەوەی زۆرکاریخوازی وڵاتە عەرەبیەکان و درێژەدان بە تاڵانکردنی چاوکە بەونیە کانمار موخاریجی زۆرو رەوەندی ئیسرائیل لەکوێوە دێ ؟ بێ گومان بەشی زۆری لەوداهاتەیە کە ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا لەبەونی وڵاتە عەرەبیەکان چنگی دەکەوێ بە جۆرێکی تر بڵێین : ئەم دەوڵەتانە هێندێك لەوبارە خۆڕاییەی لە تاڵانکردنی نەوتی وڵاتە عەرەبیەکان دەستیان دەکەوێ ، بۆ پرچەك کردنی ئیسرائیل خەرج دەکەن تا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا بپارێزن ٠ کەواتە گەلانی عەرەب هەقیانە زێگا نەدەن لە نەوتی خۆیان دژی خۆیان کەڵك وەربگرێ ٠ بەڵام ئیمپریالیستەکان لە جیاتی قبوڵ کردنی ئەمداخوازە رەوایە کەوتونە پلان دانان و نەخشە کێشان ٠ بەتایبەتی لەوکاتەوە کە کۆماری عیراق نەوتی کەرکوکی میللی کردوو ئەوکارە لە ناوچەرگەی ناوچەی بەوتەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوانەیە کاربکاتە سەر وڵاتە خاوەن نەوتەکانی تری ئەمناوچەیە ٠ ئیمپریالیستەکان زیاتر وەخۆ کەوتوون و کار گەیشتۆتە جێگایەك کە بەئاشکرا هەڕەشە دەکەن ٠

رۆژی دوشەممە ۲۱ی مانگی مای ئاژانسەکان خەبەریان دا کە سەناتور فولبرایت سەرۆکی کومسیۆنی دەرەوەی سەنای ئەمریکا گوتویەتی :

**« پێویستی رۆژ لە رۆژ زیاتری ئەمریکا بە نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یا جێ نشینەکانی، وەك ئیسرائیل و ئێران هان بدا کە بە هێزی نیزامی وڵاتەکانی خاوەن نەوت تێك بشکێنن » ٠**

فولبرایت دوای باسی قودرەتی نیزامی ئەمریکاو ئەوە کە وڵاتانی خاوەن نەوت لە بەرامبەر ئەمریکادا لەباری هێزی نیزامیەوە دوژمنێکی لاوازن ، گوتویەتی :

**« پێویست نیە ئێمە خۆمان هێزی نیزامی بەکار بهێنین ، لەکاتێکدا لەباری نیزامیەوە جێ نشینمان لەوناوچەیەدا هەیە » ٠**

سەناتور فولبرایت لێی زیاد کردوە کە شای ئێران دەری بڕیوە کە ئامادەیە پاراستنی سودو قازانجی ئەمریکاو ئینگلیز لەوناوچەیەدا وەئەستۆ بگرێ و پاشان گوتویەتی :

**« هەق بەخۆم دەدەم دەوڵەتە عەرەبیەکان تێبگەیەنم کە قودرەتو بریاری ئەو هێزانە کە دەتوانن لەدژی ئەوان یەك بگرن بەکەم ئەژانن » ٠**

فولبرایت دوای سێ وتوویژی چاپەمەنی شای ئێران لەگەڵ « سولز بنرگر » رۆژنامەنووسی ئەمریکایی و لەگەڵ گوفاری فەرانسەی لوپوان و لەگەڵ گۆڤاری ئەمریکایی نیوزویك ، ئەم قسانەی کردوە ٠ شا لەو وتوویژانەدا بەئاشکرا گوتویەتی کە دوکترینی نیکسون جێبەجێ دەکا ، ( ناوەرۆکی ئەمدوکترینە هەر ئەوەیە کە فولبرایت گوتوویەتی ) شا دەست تێوەردانی نیزامی خۆی لە کویت و پاکستان و تەواوی دەوڵەتەکانی ناوچە بەمومکینو تەنانەت بەپێویست داناوە ٠ دیارە شا بەبێ پرسوڕای دەوڵەتی ئەمریکا ئەوقسانەی نەکردوە ٠ چونکە ئەرتەشی شا لەژێر چاوەدێری سەدان کارناسی نیزامی ئەمریکا دایەو شای ئێران دەستەبەر بووە ئەوچەکانەی لە ئەمریکایان وەردەگرێ بەپرسوڕای ئەمریکا بەکاریان بهێنێ ٠ فولبرایتیش هەر بۆیە دەوڵەتی ئێران بە جێنشینی ئەمریکا ناو دەبا ٠

فولبرایت وتەوێژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەئاشکرا هەڕەشە لە وڵاتە عەرەبیەکانی دوژمنی ئەمریکا دەکا ٠ دیارە مەبەستی ئەو ، عەرەبستانی سعودی یا ئەردەنو ئەمارەتەکانی خەلیج نیە ، چونکە ئەوانە بەدۆستی ئەمریکا دەژمێرن ٠ رەنگە لەگەڵ کویتیش نەبێ ٠ چونکە ئەویش هەر لەرێزی دوستەکانیان حیسابە ٠ زادبو لەدەن رۆژی ۲۷ی مانگی مای خەبەریدا کە قسەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای گوتویەتی : « دەوڵەتی ئەمریکا بایی (۵۰۰) میلیون دولار چەك بەوجۆرەی کە بە عەرەبستانی سعودی و ئێرانی فروشتوە ، بەکویت دەفرۆشێ ٠ ئەمچەکانە بریتین لە (۱٦۰) تانك و هێندێ

بروانە ل -۷-

institut kurde de paris

# چەند هەوالێک «لەگەڕووی مەرگەوە»

* لەگەڕوی مەرگەوە کۆمەڵە چیرۆکێکی کاک تایەر سالح سەعیدە .

کاک تایەر لەو لاوە خوێنگەرمانەیە کە دەیانەوێ رواڵەتێکی دیکە بدەنە چیرۆکی کوردی و ... لە دارشتنێکی هونەریانەی تردا بینوێنن . ئەم بەرهەمە ئەو بەرکولەی پێوە دیارە .. بەتایبەتی چیرۆکەکانی لەگەڕووی مەرگ بەدواوە .

* مەسەلەی تارمایی و پێچوپەنا لە چیرۆکی نوێدا شتێکی دیارو ئاشکرا نیە .. چیرۆکنووس وەک مرۆیەکی دوورسەرنج هەڵسوکەوتی ئادەمیزادەکان کۆدەکاتەوە .. پاڵەوانەکانی ئەفسانەیی نین .. لە جیهانێکی تایبەتی و تەریکا ناژین .. ئەو گرفتانەی سەردەمانی قورس کردوە .. ئەو ئاژانسانەی کۆری تایبەتی و بێدەنگی پێ گەرم دادیت .. ئەز ویستانەی خۆزگەی هەموانن کە رەسەی پێکهێنەری چیرۆکی ئەمڕۆن .. ئەو مرۆ راست گۆیە بەماست ئاڵێ رەشە .. بەڵام ئاخۆ نووسەری کورد بۆی ئەلوێ پەنجە لەچاوێکی تاریکا بشکێنێ نەبووی مەودایەکی هەراو کە رێ بدەن بالداران گەشتە بێ کۆتاییەکەیان تەواو کەن .. وادەکەن .. دەنگەکان لەسەنگی کەرودا ، بتاسێن .. بەڵام کە زەین بەین ئەم چیرۆکانە پەیکەری ئەو تاپۆرەشەش نین .. کەچاوی خوێنەواری تێدا کوێربێ .. وەک ئامۆستا « محرم » دەڵێ : بریا وانەبوونایە ! ئێمە نانێن تەمومژ لە چیرۆکەکانی هەڵنەچی یە ؟.

**جەزا عەلی ئەمین**

**١ - زەرفی شین :-**

بەوپەڕی ساکاریەوە دوآوە .. مەسەلەی بەرتیل دەژینێنەوە کە دەماری پەناگوێی زوربەی فەرمانبەرەکانە .. واچاکە ئەوەش بڵێین ئەم ئەو رەخنە کلاسیکیە نایگرێتەوە .. ( چارچی یە ؟ ) .. بەڵام هەرنەبێ با بڕێ .. لەو رازە دەروونیانە تاقی کاتەوە .. کەوا دەکەن فەرمانبەرەکان گیرفانی رۆژببڕن .. ئایا سەفەربەرە ؟ یان کەس بەکەسیە ؟ یان .. چی یە ؟.

**٢ - دەڕابە چەورەکە :**

مناڵێکی هەژارو لێقەوماوە .. کۆشێ خێزانی بەسەرا کەوتوە بە دەڕابە چەورکردن دەبان ژێینێ .. مناڵەکە ئەباتە بەردەمی حاجیەکی خوانەناس . دوای هەزار قەڵەودەڵە .. تابۆی چەور دەکاو - ١٠ - فلسەکەی وەردەگرێ و دەڕوا . من دەڵێم ئەرکی خێزانی بە دەڕا بەچەورکردن هەڵناسێ .. ئەوە هەرچۆنێ بێ .. بەڵام بێ کاری .. نەبوونی .. ئەمانە پەیوەندیان بە سیستەمی ئابوریەوە هەیە دەزگایەک کەز لە زەوی یەکان .. خانوەکان .. کارگەکان .. نەخات ، شەنە لەفرمانەکان نەگێرێ ( بەدەست پاکی ) .. ئیسلامێک بەژۆر زەکات نەسێنێ .. ئەمانە نین .. وامن ئەپرسم بۆ نەبن ؟ .

**٣ - شانۆی ژیان :**

ناوی چیرۆک بەشێکەو جیانابێتەوە لەکاکڵی چیرۆکەکە .. ئەبێ وەڵامی پرسیارەداخراوەکانی ناوەوە بێت .. شانۆی ژیان مانایەکی بەربەرەڵای هەیە .. کە دەبوو لایەنی کەم زیاتر لە دەنگی کتێب فرۆشێک و دوو مناڵی سەرما بردوو .. کابرایەکی سوور .. هەر نەبێ گەڕەکێکی پڕدانیشتوو .. کاک تایەر دەیەوێ بێ ئیشی و بێ بازاری کتێب تێکەڵ کا .. من ئەڵێم بێ بازاری خوێنەوارە .

**٤ - یەکسانی :**

ئەو تەوازووە چەرمەباس دەکا .. کە پارسەنگەکەی کەلەپچەیەکی قوڵف قورسە و بەسەر دەرگای سەراوە .. هەڵواسرابوو .. دادگای لەبەردەمی قومێسەرە فەنیا کرایەوە .. ئەکتەرگەلی حاجیەکی هۆقەبازوو .. هەژارێکی بان گووشە .. ئاهەقی مامە حاجیە قومێسەر بەک بە سیخورمەیەکی هەژارەکە ئەکا بەودیوی دەرگاکەوە .. من ئەوێ بڵێم قومێسەر گلەبانی قەبری بابی بەخۆڕایی ناکا .. ئەبوو کاک تایەر بە بچوکترین ووشە ئەو پەیوەندیەی بدرکانایە .. تەعلیقەکەی دوایی نەدەوبست .. باوەک موعادەلەیەکی حیسابی لێ نەهاتایە ٢ + ٢ = ٤ ماوەی بیرکردنەوە لەو چیرۆکانەی بەسەریاندا پەڕینەوە نەماوەتەوە بۆ خوێمەر .. هەموومان بنی حەوزەکە دەبینین ..

**٥ - ئێوارەیەکی شارەکەم :**

دوو مناڵی شاگرد .. گوڕی پیرێژنێک .. ریزێک تەقە دەکرێ دەمەو ئێوارە تەنها دووکەس بێ سەروشوێن بوون .. ئەوانیش کوڕەکانی پیرێژن بوون .. بەڵام بۆچی لەوهەموو خەڵکە زەردەواڵە کە ئەمانی خوارد .. من ئەمەوێ لەو نهێنیە بگەم ؟ ئاخۆ قەزاو قەدەرەکەیە .

**٦ - کە تۆڵە لەدوژمنا خەست ئەبێتەوە :**

ژانەکانی رابردووی ژێزیک کەرەسەیەکی بەپیت و لەبن نەهاتوون بۆچیرۆکو گشت ئاکارە ئەدەبیەکان .. زەمینەیەکی خۆش کراون بۆ قاڵبوونی گشت بەرهەمێکی ئەدەبی سەرکەوتوو ..

- سەرفەرماندە بەدەم ووتی :

بوونی ووشەی ( ووتی ) لەچیرۆکەکانی کاکە تایەر زۆر دەردەکەون .. بەڵام بۆ وابێ .. « بیکیت » دەڵێ : ( من پاڵەوانەکان بەیەکتەرو بەخوێنەر دەناسێنم بۆ هەقایەتە ئەفسانەییەکانی شەوانی داپیرەی زستان لەگوێماندا بتەقێتەوە .. ) ریز لە پاڵەوانەکان مەگرن چی یان پێیە با بیڵێین .. فێڵیان لێ مەکەن .. ئاوایی کۆکرایەوە .. نووکە شەقێ ئاراستەی پەراوە پیرۆزەکە کرا .. گەنجەکان هەر لەو رۆژەوە گردی شەهیدیان دروست کرد .

**٧ - خواستێکی بایی :**

جەنگاوەرێک پشت لەسەنگەرە گەرمەکان ئەکات .. بەرگەکەی دەپێچێتەوە .. تێدەکشێ بۆجیهانی خەون .. بابەس بێ .. جارجارە برسیار ئەچێ بەچاویا .. نەویش وەڵام دەداتەوە .. چیت کردوە ؟ .. هیچ ! دروست بوونی ئەو بایی بوونە ئەبێ لەزەویەکەوە چەکەرە بکات .. ئایا پارەیە گیرفانەکانی گەرم دادێنێ .. یان کورسیەکی نەرم وشلە .. خلیان کردەوە .. ئێمە ناڵێین نەمان بوون .. بەڵام وەک

**بڕوانە ل ٧**

# داستانی جۆزەردان و دوابریار

**- ئەحمەد ڕێبوار -**

« شانۆگەریەکی یەک پەردەیی بێ کۆتاییە »

( هەموو دیوارەکانی شانۆکە کە زیاتر لە چوار بوو .. سەوزو سووركرا بوو .. دەنگی مارش جارجار بەرزو جارجاریش نزم ئەبیسرا ... )

جۆزەر دانی .. تەمو مژی ..
ساڵێکی .. ناو .. مێژووەکەمان ..
کەوتە دوان :-

جۆزەردان : ئەی جەماوەر .. کوانێ شانۆ ؟
کوانێ بێشکەی .. کۆرپەی ساوای ..
مەهابادم ؟
کاتێ بۆ لای .. چاوی .. هاتم
لە تۆڵەیا .. ڕەنگین کرام ..!!

تارمایی : ساوا زوو مرد !
هەر دەستوبرد .

( خەڵکی شارەکە ئەکەونە غەڵبە غەڵبو مقۆ مقۆ .. یەکێکیان بە دەنگێکی نوساوەوە ) :-

شەوەی شوومی .. ئابڕو تکاو ..
دای نایەوە .. بەڵام تاساو

( دەنگێکی تر وەک بیەوێ زیاتر بۆی ڕوون بکاتەوە ) :-

بەبێ گیانو وزەو بێ تین
هەر لەوساوە ..
تاکو .. ئیستا ..
هەزارەها کوردی دووربین
پەتی .. دێری .. سەبریان بچرا
لە جێگەیا .. نیزەی تۆڵە .. داچەقێنرا ..

تارمایی یەکە : شانۆ .. ماوە .. هەر وەکو خۆی .
ئەکتەر .. ماوە .. بەڵام برسی
کەچی گیانە .. مام جۆزەردان
باڵی .. ساڵی .. هێمنی شووم ..
بێ ناونیشان .. بێ پەراوێز
بێ سەرەتا ..
بەسەرماندا .. ورد .. ورد .. کشا .

خەڵکەکە : ( چەپڵە لێ ئەدەنو لافتە بەرزئەکەنەوە ) :-

× ڕاست ئەفەرموێ
کەلەسەری .. نووسراویکیش
زۆر دەمێکە ..
وا .. میوانە ..
لای مدیری مۆزەخانە ..

( دوای ئەوەی کومبارسێک لە سرودی - ئەی ڕەقیب - بوەوە . بێدەنگی هۆڵەکەی گرتە باوەش ) :-

جۆزەردان : دەسرازەکەی .. پەتی ئاڵا ..
هی بیمایی و ..
بوکی سەراو گوڕەپانی ناو چوارچرا
بۆ کۆی برا ..؟!

تارمایی : هەمووی .. سووتا !!
بوکیش .. تاسا ..

جۆزەردان : پەڵە خوێنی سەر شانۆی شار ..
وا لە ئەستۆی .. کام تاوانبار ؟

خەڵکی شار : وا لە ئەستۆی .. هەموو ئیمە !!

تارمایی : هەر نازانم ..
وڕم .. کاسم .. هیچ نازانم .

جۆزەردان : کلم هێنا .. خەنەم هێنا
بۆ دەستوپێی .. بوکی هیوا
کەچی دیارە ..
بەشوو درا !!

تارمایی : نەخێر .. هەرگیز .. بەشوو نادرێ
تا .. گیان .. مابێ .. ناوی نابرێ

جۆزەردان : من ئامادەم .. هەزار بارە ..

( خەڵکەکە تێکڕا پەنجەی ئامادەبوون بەرزئەکەنەوە ) :-

تارمایی : بۆچی قوربان ؟

جۆزەردان : بۆ خەباتو بۆ کۆڵ نەدان
بۆ مەهاباد .. کوڕی شەنگم
ئیشک ئەگرم ..
لە سەفینو بارزانو لە پشکۆوە
لە دیاربەکر ..
لە ئاگری دەغ ..
لە بانەوە .. لە بەمۆوە ..
دیسانەوە
گوێزەبانە .. بەڕێ ئەکەم
بانگی تازە .. بەگوێ قودسی و
هەموو شەهیدانا .. ئەدەم .

تارمایی : ئەی پیرەمیرد ؟

جۆزەردان : بە ئەزمرا .. هەر بە لاوک .. سەری ئەخەم .

( منداڵێکی هەشت نۆ ساڵان لەبەردەم شانۆکەدا وەستاو ووتی ) :-

ئەی باوکی من .. مام جۆزەردان ؟
ئەو لەلای تۆ .. بوە میوان !.
کوانێ ؟ کوانێ ؟ چی بەسەرهات ؟

جۆزەردان : ڕۆڵە مەگری .. ئەویش وا هات ..

( یەکێک لە سوچێکی شانۆکەوە دەرکەوت سەراپا بەرگی سووری لە بەرابوو .. لەگەڵ جۆزەردانا بەیەک دەنگ ووتیان ) :-

× × من هەر ئەژیم
هەر ئەمێنم
ئەبێ بوکی نازەنینم
لەناو ئاسۆی گەردو کولی بەربەیانا
هەربیبینم ..

( پەردە دانادرێتەوە .. لەبەرئەوەی شانۆگەریەکی

**بڕوانە ل -٧-**

# لەرشوە نووسەکی ڕیالزمی چینی

**گۆڕینی بە دەسکاریەوە :**
**خالد جوتیار**

لە وڵاتی چین .. وە لە ساڵی ١٨٨١دا پشکۆیەکی سوز لەناو خۆڵەمێشێکی پڕ لەژان سەری دەرهێنا ، هەموو شتێک مۆزی حەرامی لێ نرابوو .. خەباتی چینایەتی ئەوپەڕی دژواری گرتبو ، ئاغاو دەربەکەکان تارای ڕەشیان بەسەر وڵاتی چیندا دابو .

« لو - شون »ی مرۆڤ لەناو ئەم مەنجەنیقەدا لەدایکبو ، باوکی عەمەڵمەند بوو .. بۆیە دایکی بە ڕەنجی شان ژیانی ئەم خێزانەی نەختێک ئاسودەتر کردبوو . لە گوندێکی هەژاری وڵاتی چیندا ژیانی منداڵی دەستپێ کرد .

ئەمە ( لۆ - شون )ی کردە مرۆڤێکی ڕاستەقینەو خاوەن هەستێکی واقعی . لە یادگارێکیدا دەڵێت: (ئەوکاتەی لەناو لادێیەکان بوم خۆشترین و ناسکترین سەردەمی ژیانم بو ) ئەمەوای لێ کرد کەپەیوەندیەکی گیانی بەگیانی لەگەڵ چینی بەش خوراو ببەستێت هەر ئەو گیانە جەماوەریەش بو کە وای لێ کرد بەوپەڕی ئازایەتی و لە خۆبوردنەوە بەشداری ڕێگەی شۆڕش بکاتو بکەوێتە مەلمانێیەکی بێ کۆتایی لەگەڵ هێزی داگیرکەرو ئیمپریالیزمەکاندا . دەستدرێژی نۆکەرانو ئەلقەلەگوێیەکانی ناوەوەو دەستەی کورسیە بزمارڕێژەکانی سەر حوکمیش هەزارویەک ملوانکەی تاوان بوو لەگەردنی شاردا .. ئەم کوێرە سیاسەتەی ئەوان وای کرد کە وڵاتی چین ببێتە نێچیرێکی بەردەم ساچمەی دوژمنان .. نوسەرمان لەناو تەپوتۆزی مردن ژیاوە ، گوێی بە دەنگی ئاخ ڕزگاوەتەوەو دەمیشی هەر بەهاوار کراوەتەوە .. بۆیە پشکۆی تۆڵەیەو شوێنپێی خۆی دەوێ . گوندە بچکۆلەکەیان وێرانی بە خۆیەوە دی ، ترس هەموو قوژبنێکی داگرت، یاخی بوونو هەڵسانەوە جارێ هێشتان ماتەی نەدابو . هەژاری ڕووی لەشار کردبو ، بە هەر کۆڵانێکدا بڕۆیشتینایە هەزار مناڵی هەگبە لە شانت دەدی بە شوێن لەتێک نان دەسوڕانەوە . خێزانەکەی لو - شون لە هەژاریەکی تەواودا دەژیان و گوزەرانیان نەدەسورا . نووسەر چاوەڕێی شۆڕشێک بو لە گەردەلولی ئەم پایزە سەردەربهێنێ و مژدەی بارانی بەختیاری بدا بە شاری تینووی پەکەوتوو . لەو کۆمەڵگایە کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی و چینی ئۆرستۆکراتی جلەوکێشی بون دواکەوتوویی ڕەشمالی ڕەشی خۆی هەڵدا ، نوسەر نەفرەتی لەم ڕژێمەدەکرد لە تەمەنی دوازدە ساڵی بەرەو شاری - نانکین - ڕۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە ئەکادیمیای دەریایی ، هەرچەندە لە تاقی کردنەوەکانی ئەم ئەکادیمیایە سەرکەوت بەڵام بەجێی هێشت و بۆ ماڵەکەی خۆیان گەڕایەوە تا جاوی تامەزرۆیی بە دایکی زاخاو بداتەوە . نوسەر چەند کورتە چیرۆکێکی زمان سادەی نوسی .. لەمانە ( یادگاری شێتێک ) - لەساڵی ١٩٢٣دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بری بەناوی - بانگی چەک - بڵاو کردەوە ، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ڕەخنەیەکی توندبو ئاراستەی کۆمەڵگایەکەی کرد . سادەیی نوسەرو هاندانو پشتگیری لاوەکانو ڕێکخراوە پیشەیی و ئەدەبیەکان هەروەها بەشداری خۆی لەمانە وای کرد کە جێگەیەک لە دڵی خەڵک بۆ خۆی بکاتەوە . لەساڵی ١٩٢٨دا دەستی کرد بە خوێندنەوەو لێکدانەوەی تیورەکانی مارکسو بیروباوەڕە روناکی یەکانی ئەمە لە بارتی کۆمۆنیستی نزیکتری کردەوە . ژیانێکی پڕ لە کارەساتو نەهامەتی خۆی لێ ئاڵاندبو ، ڕێبوارێکی نەترسو چاو قایم بو تا لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٦ بە شاری شنگهای مرد .

**بڕوانە ل -٧-**

# کێ بوو بە یووت ؟ مرۆڤ عاشقی مردنە یان ؟!



**بیرەوەری یەکەم ساڵەی شەهیدبوونی جوانەمەرگ**

**( یاسین انور عثمان )**

جارێکیان .. لە جەنگڵە پڕوچڕەکانی پۆلیفیادا .. پێشمەرگەیەکی ڕێی شەرەفو سەربەرزی ، چەند ڕۆژێک بەر لە شەهیدبوونی ، بەدەم زەردەخەنەیەکی پڕ هیوای سەرکەوتنەوە ، ڕووی لە هاوڕێکانی کردو ووتی :

**- [ لە هەرگۆیدا ... مەرگ و مردن ... بەرەو ڕووەمان هات ... بەخێربێ ، مادام لەپاش ئێمە ... دەستو پەنجەی تر هەیە ... تفەنگی شۆڕش بتەقێنێ ] .**

× ×

ساڵێک لەمەوبەر .. ئێوارەیەکیان .. شوێن پێهەڵگرێکی دڵسۆزی ئەم شەهیدە مەزنە . وەک چۆن برسی باوەش بۆ سەبەتەی نان ئەکاتەوە ، باوەشی خوێناوی خۆی بۆ خاک و خۆڵ کردەوە .. لکەدارخورماکانی خواروی عیراق .. بەسەر زامەکانیا چەمانەوە ..

لقو پۆپەکانیان .. خزانده ناخی .. ڕەگو ڕیشە .. لە زەمینو .. لقو پۆپە .. لەناو زامی شەهیدا ..

**- لە هەرگۆیدا .. مەرگ و مردن بەرەو ڕووەمان هات .. بەخێربێ !**

**+ تێکۆشەر .. لە سەرکەوتنا تووشی هەڵنگوتن ئەبێ و لە هەڵنگوتنا سەرکەوتن وەدەست دێنێ .**

**- تێکۆشەر .. عاشقە .. با .. بیروباوەڕو سەرکەوتن با مردنیشی لەدوابێت .**

لە دارخورماکان زیاتر بەناخیدا چوونە خوارەوەو زیاتر ڕەگیان داکوتا ..،

مناڵە پێخاوسە برسیەکان ..

لەژێر سێبەری لکە دارخورماکانی زامی - یاسین - دا ڕیزیان بەست ، برسی بوون ..،

مرۆڤی برسیش هەمیشە چاوی لەزامی شەهیدە بۆ ئەوەی تێری بکات !

× ×

ئێوارەیەکیان .. - یاسین - یکی لاو .. لەژیانا مردو - یاسین - یکی لاوی تر .. لەمردنا .. کەوتە کۆڕی ژیان .

ئێوارەیەکیان .. پەڵە هەورێکی هەڵم .. لەئاسمانا .. مرد .. و .. بارانێکی ئەستوور .. لەئەرزا .. لافاوی هەڵسا ..،

ئەوانەی - یاسین - یان ئەناسی ..،

ئەوانەی لەگەڵ - یاسین - ا کاروانێک بوونو ڕووەو هەتاو هەنگاویان ئەنا ..،

زیاتر .. بارانیان خۆش ئەویست لەوەی هەوریان خۆش بووێ ، زیاتر .. خوڕەی ، ڕوباریان خۆش ئەویست لەوەی بەفری بەسەهول بووی خۆش بووێ .

زیاتر .. مردنێکی سەربەرزانەیان خۆش ئەویست لەوەی ژیانێکی مل کەچانەیان خۆش بووێ .

× ×

یاسین .. لاو بوو .. دل گەرم بوو ..،

کەسێری چاوەکانیت ئەکرد .. تینو تاوی باوەگوڕگوڕت پێوە ئەدی ، کە ئەتدوانت .. دڵپاکی

**بڕوانە ل -٧-**

institut kurde de paris

## وەزارەتی ئابوری پروپاگەندەی گرانبونی شەکر و چا بە درۆ ئەخاتەوە

رۆژی ٩-٦ سەرچاوەیەکی لێپرسراو لەوەزارەتی ئابوری ئەو پروپاگندەیەی بەدرۆ خستۆتەوە کەگوایە نرخی شەکرو چا لەمەولا گران ئەبێت

وە وتویەتی وەزارەتی ئابوری هەموو هاوولاتیان دڵنیا ئەکات کەبەتەمای ئەوەنیە نرخی شەکرو چا زیادبکات هەرچەندە دەرگای فرۆشیاری حکومەت لەوئەرقەی لەنیوان کرین و فرۆشتنی شەکرو چادا هەیە تائێستاش هەر زەرەر ئەکات ، وەسەر چاوەکە راشی کەیاندوە کەشەکرو چا ئیستا ئەوەندە لەوڵاتا هەیە کەتا ماوەیەکی باش بەشی دانیشتوان ئەکات وەهەر بەونرخەش ئەفرۆشرێت کەپێشتر بۆی دانراوە .

هەروەها سەرچاوەکە وتویەتی دەزگا نایبەتیەکان لەوەزارەتی ناوبراوا دەست بەپشکنین و مراقەبەکردنی فرۆشیارەکان ئەکات بۆ ئەوەی رێگا لەوانەبگرێت کەبەتەنگ ژیان و گوزەرانی هاوولاتیانەوە نین ، وەداواشی لەهەموو دانیشتوان بەکەن کەهاوکاری لەگەل دەزگا تایبەتیەکانا بکەن و ساوی ئەوکەسانەیان بدەنێ کەشەکرو چا بەگران لەنرخی دانراوا ئەفرۆشن تاکو بدرێن بەیاساو گەورەترین سزا بدرین .

## کچ و کوڕی خویندنی پیشەیی بەشداری تاقی کردنەوە کراوون

رۆژی ١٠-٦ قوتابیەکانی قوتابخانە پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و هونەری ناومال دەستیان کردوە بەتاقی کردنەوە گشتیەکان و نزیکەی ٢٨٨٥ قوتابی کچ و کوڕ تیایا بەشداربوون .

ئەوەی شایانی باسە ئەو قوتابخانە وەکو قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی رۆژە نا رۆژێک تاقی ئەکرێنەوە .

## وەرگرتنی کەونم و جۆی کوردستان

لیژنەی بەرزی ( متابعە )ی رەوانەکردنی گەنم و جۆ چەند لیژنەیەکی پێکهێناوە ، بۆ سەرپەرشتی کاروباری رەوانەکردنی بەرهەمی ئەمسالی گەنم وجو لە کوردستانا .

لیژنەکان بەسەر پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و نەینەوا و دهۆکا دابەش کراون و هەمو دەسەڵاتیکیان دراوەتێ بۆ ئاسان کردنی کاروباری رەوانەکردنی گەنم و جۆ .

وە لەلایەکی تریشەوە لیژنەی بەرزی پێاچونەوەی رەوانەکردن کە کاک عزة الدوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ سەرۆکیەتی بریاری داوە نرخی جۆ لە بەرهەمی ئەمسال لە سایلوکانا تەنی بە ٢١ دینارو ٥٠٠ فلس بێت .

## فراوان کردنی کارگەی چیمەنتۆی حەمام عەلیل

رۆژی ٩-٦ ئیشوکاری فراوان کردنی کارگەی چیمەنتۆی حەمام علیل لە پاریزگای نەینەوا دا تەواو کراوە ، کە دوو ملیون و ٧٠٠ هەزار دیناری تێچوە .

بەهۆی ئەم فراوانیەوە لەمەولا بەرهەمی کارگەکە لە ساڵێکا ئەبێتە ٢٥٠ هەزار تەن چیمەنتۆ ، ئەمە جگە لە بەرهەمی کارگەی چیمەنتۆی بارۆش لە پاریز گاکە کە ئەویش لە ساڵێکا ٢٥٠ هەزار تەن بەرهەمی ئەبێت هەروەها لە لایەکی تریشەوە دەست کراوە بەجێبەجێ کردنی پەی دووەم و سێیەمی دروست کردنی ١٠٠ خانو بۆ کرێکارانی چیمەنتۆ لە موصل کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچیت .

## گۆشەی تەندروستی

- دکتۆر نەوزاد -

### ئۆکەرەشە

● ئۆکەرەشە نەخۆشیەکەتووشی منداڵان ئەبێت و بەهۆی میکرۆبێکی تایبەتیەوە پەیدا ئەبێ کە پێی ئەوترێ ( پرتوسیس ) . ئەم میکرۆبە لە منداڵێکی تووش بووەوە ئەگات بە هی تر یاخود یەکسەر بەهۆی بەکارهێنانی شتومەکی نەخۆشێکی ترەوە منداڵی تر تووش دێن هەتا وردە وردە هەموو منداڵانی ناوچەکە ئەگرێتەوە .

● ئەم میکرۆبە ئەچێتە ناو بۆریەکانی هەناسەو قوڕگەوە و هەندێ جاریش ناو سی یەکانیش ئەوسا نیشانەکانی نەخۆشی یەکە دەر ئەکەوێت کە بریتی یە لەوەی نەخۆش تای لێ دێت و سەری ژان ئەکات و ئۆکەیەکی تایبەتی ئەیگرێت کە بە ئۆکەرەشە ناسراوەو بریتی یە لەوەی کە نەخۆش چەند جارێک ئەئۆکێت و هەناسەی توندئەبێ و دەم و چاوی شین هەڵئەگەڕێ و چاوی سوور ئەبێتەوەو ئاوی پێدا دێتە خوارەوە .

● **چارەکردنی :**

ئەبێ نەخۆش لەناو جێگادا بحەوێتەوەو (ئەنتی بایوتیک) و ئەو دەرمانانە بەکار بهێنێ کەئۆکە ناهێڵێ و پێویستە نەخۆش جیا بکرێتەوەو نەهێڵرێ منداڵی تری لێ نزیک بێتەوەو بۆ پاراستنیش پێویستە منداڵان بکوترێت .

## ملیۆنێک دینار بۆ زیادکردنی بەرهەمی دۆشاوی تەماتە

ئەنجومەنی نەخشەکێشان رازی بوە لەسەر ئەو نەخشەیەی وەزارەتی پیشەسازی بۆ زیادکردنی بەرهەمی دۆشاوی تەماتە لەوڵاتەدا یناوە .

لە نەخشەکەی وەزارەتی پیشەسازیا هەیە کە کارگەیەکی نوێی دۆشاوی تەماتە لە شاری ( البلد ) دا بمەزرێت کە بریتی ئەبێت لە دوو بەش وە هەر بەشەی لە ١٣٠ - ١٥٠ تەن تەماتە لە رۆژێکا بەرهەمی ئەبێت .

هەروەها بەتەمای ئەوەشە بەشێکی تریشی لەشاری ( النعمانیە ) دابمەزرێنیت کە ئەو بەشەشی لە رۆژێکا بەرهەمی ١٣٠ - ١٥٠ تەن دۆشاوی تەماتە تەبێت .

جگە لەوانە نیازوایە بەشێکی تر لە کارگەی میوەی کنوی دهۆک دابمەزرێنێت کە رۆژی ٢٦٠ - ٣٠٠ تەن دۆشاوی تەماتە دروست بکات .

ئەوەی شایانی باسە سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پیشەسازی رای گەیاندوە کە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک دیناریان تێ ئەچێت .

## کورد و کوردستانەکەت بناسە

( ئەردەڵان ) نەریمان

وەیا ( کوردستانی ئێران ) - کەوتوەتە رۆژئاوای ژەوروی ئێرانەوە ، لە خاکی رووسیاو تورکیاوە ئەزربایجانی ئێران جیای ئەکاتەوە ، جاران ئەم خاکە هەر بەئەردەڵان ناسرابوو حوکمرانی بە دەست خۆیەوە بوو و بنەماڵەی بەناوبانگی لێ هەڵکەوتوە ، ئیستا کراوەتە دوو ولایەت ( ئاستان ) ، یەکەمیان ( کوردستان ) لە شارە گرنگەکانی ( سنە ، مەریوان ، سەقز ، بانە ) یە ، دووەمیان ولایەتی ( کرماشان ) و لە شارە گرنگەکانی ( قەسری شیرین ، کرماشان ، ئیلام ، شاە ئاباد ) ن .

دانیشتوانی ئەردەڵان هەموو کوردن و لە باسەکانی داهاتوا لە شارە گرنگەکانی ئەدوین ، ئەویشمان لەبیر نەچێت کە لە ئێرانی ئیستادا جگە لەو دوو ئیستانە ( پارێزگە ) بەشی زۆری ئیستانی ( رەزائیە )ش کوردن لەم ئیستانە ئەم شارە بەناوبانگانەمان هەیە ( ماکۆ . نەغەدە . خۆی . مەهاباد ، میاندواو ، هەروەها لەگەڵیک لەشارانی دیکەی ئێرانیش کوردیان تیا بلاوبۆتەوە .

بڕوانە ل ٧

## ئاگاداری یەک لەگۆڤاری « بەیان » ەوە

لە ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ١٩٧٣ی گۆڤاری بەیان داو لە لاپەڕە (٣٤) ، دێڕی چوارەمی ناوەکەی « لەتیف هەڵمەت » پاش چاککردنی لە چاپخانەخراوەتە لاپەڕە (٣٥) دێڕی پێنجەمی ژوەکەی « سامی شۆڕش »ەوەو بۆتە هۆی شێواندنی . ڕاستەکەشی بەم جۆرەیە :

**لەتیف هەڵمەت لە « ساڵی ١٩٤٧ لە ( کفری ) » لەدایک بووە .**

**سامی شۆڕش « لە ساڵی (١٩٦٩) » وە دەستی بە نووسینی شیعرو رەخنەی ئەدەبی کردوە .**

داوای لێ بوردن لە خوێنەران و هەردو برای شاعیر ئەکەین .

« بەیان »

## پیشانگای هونەرمەندە لاوەکان لە سلێمانی

**هەواڵێکی هونەری :**

لە رۆژانی ٣-٨ی حوزەیران بەرێوەبەرێتی لاوانی سلیمانی پیشانگای هونەرمەندە لاوەکانی لەهۆڵی ئوتێلی ئاشتی کردەوە .

ئەم پیشانگایە ماموستا عارف طە جێگری پارێزگاری سلیمانی لەئێوارەی ٣-٦دا کردیەوە بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرێوەبەر و سەرۆک دایرەکان و هونەرمەندو هونەردوستان . نەوەو هونەرماندانەی بەشداری پیشانگەکەیان کردبوو بەتابلۆکانیان ئەمانەبوون : عطا قزاز ، آزاد حمدی ، علی الودی ، کامل مصطفی ، علی لطیف .

بەهەموویان (١٧) حەفدە تابلۆیان خستبوە پیشانگاکەوە لەو تابلویانەی سەرەنجی زوربەی تەماشاکەرانی ر ئەکێشا تابلویەک لەژێر ناوی (لەپێناوی کوردستان ) دەستکردی کاک عطا قزاز وە تابلوی ( شەرەکە لەشێر) و(دوینە)ی کاک علی لطیف .

**پەیامنێری هاوکاری**

**لە سلیمانی**

## ئەم هەفتەیە لەمیژوودا

- نەریمان -

**ئەم هەفتەیەمان کەلە ١٦ تا ٢٣ی حوزەیران ئەگرێنەوەو ڕێکەوتی ٢٦ تا ٣١ی بانەمەڕی کوردی یە ئەم ڕووداوە گرنگانەی تیا قەوماوە :**

**ڕووداوی کوردی :**

لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٣دا شێخ مەحمودی حەفید بۆماوەی دەرۆژ لە سلیمانی کشایەوە .

لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٩دا شەڕی دەربەندی بازیان قەوما .

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا چوار ئەفسەری کورد عیزەت و خۆشناوو خەیروڵلاو قودسی لەسێدارەدران .

بڕوانە ل -٧-

## گۆشەی ئافرەتان

**شیرین عباس**

بەگەلێک شێوە بازرگانی بە ئافرەتەوە ئەکرێ و تا ئیستاش لە زوربەی ناوچە دواکەوتووەکانی کوردەواریدا ئافرەت وەکو کە رەسەیەکی بازرگانی یان چەرخێک کە جڵەوەکەی بە دەستی کەس و کارو حەقدارەکانیەوە بێ وەهاپە ... لە سەر ماف زەوت کراوی و سات و سەواء کردن بە ئافرەتەوە زۆر نوسراوە بەڵام ئەم باسەی ئێمە لایەنێکی تری ئەو بەخۆشیە نیشان ئەدات کە نائیستە وابزانم نەکەوتبێتە سەر ڕوی ڕۆژنامەکان و گەلێک کەسیش تا ئیستە بیریان لێ نەکردبێتەوە ... ئینجا باسەکە ئەمەیە ..

لەگەلێک ناوچەی کوردەواریدا خاوەن کچە دواکەوتووەکان بەهۆی دەس کورتی و نەبونی و ئەبش نەکردنیانەوە توشی هەندێک گیروگرفتی ژیان ئەبن و ئەبی بەژێر باری قەرزاریەوە ، ئینجا بەهۆی ئەو وەزعە تاریکەوە کە لە ناوچەکەدا پەیرەو ئەکرێ وە بۆ خۆ ڕزگار کردن لەو قەرزاریە کچەکانیان لە جیاتی قەرزەکانیان ئەدەن بە خاوەن پارەکان و ئیتر بێ ئەوەی بەراوردێکی تەمەنی بیوان کچەکانیان و ئەو خاوەن پارانە بکەن ، یاخود سەرنجێکی جۆری ڕەوشت و هەستان و ناوبانگ و لێهاتویی ئەو پیاوە بدەن .

ئا بەم جۆرە ژیانی ئەو ئافرەتانە ئەخرێتە پشت گوێ و بەو جۆرە ژینی چەندان ئافرەت لە تافی لاویا زیندە بەچاڵ ئەکرێ .

## ٢٢٣ هەزار قوتابی کچ و کوڕ لەتاقی کردنەوە گشتیەکانا بەشدار بوون

سەر لەبەیانی رۆژی ٩-٦ی زاربوردو (٧٠) هەزار قوتابی کچ و کوڕی قوتابخانە ناوەندییەکان لە تاقی کردنەوەی وەزاری - بەکنوریا - بەشدار بوون .

هەروەها لە رۆژی ١٠-٦ (٣٣) هەزار قوتابی کچ و کوڕی قوتابخانە ئامادەییەکان ، بەشی ئەدەبی و زانستی بەشداری تاقی کردنەوەی گشتی بوون .

وە پێشترییش لە رۆژی ٢-٦ ١٢٠ هەزار قوتابی کچ و کوڕی قوتابخانە سەرەتاییەکان دەستیان بە تاقی کردنەوەی گشتی کردبو ، وە لە رۆژی ٦-٦ تاقی کردنەوەیان تەواو کردوە .

## خزمەت کردنی سەربازی بەخزمەت ئەژمێردرێت بۆ فەرمانبەران

بەرێوەبەرایەتی گشتی بو فەرمانبەرانی خوێندنی ئامادەیی ئاگاداری هەمو بەرێوەبەری پارێزگاکانی کردوە ، کە ماوەی بەشداربونی مامۆستا و فەرمانبەرەکان لە کاتی خزمەت کردنی سەربازی بە خزمەت لە وەزیفە بۆیان حیساب ئەکرێت .

هەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی داوای لەو بەرێوەبەرانە کردوە بۆ ئەوەی بە لیستە ناوی ئەو فەرمانبەرانەی بۆ بنێرن کە ئیستا لە وەزیفەدان وە ماوەی بەشداربونیان لە خزمەت کردنی سەربازی بو حیساب نەکراوە .

## ٣٠ هەزار تەن نەوت لەبەرهەمی نیشتمانی

پاپۆڕی خانەقین پاش ئەوەی لە بەندەری فاو ٣٠ هەزارو ٨٢٨ تەن لە نەوتی نیشتمانی بارکردوە بەرەو بەندەری وڵاتان کەوتوتەری .

## ٦١ هەزار دینار بۆ تەواو کردنی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سلێمانی چەند پرۆژەیەکی بۆ دروست کردن داوە بە بەڵینەرەکان کە ٦١ هەزارو ٢٧٧ دیناریان تێ ئەچێت .

لەم پرۆژانە دروستکردنی قوتابخانەیەکی ٦ ژوورو ١٠ خانو بۆ موچەخورانی بەرێوەبردنی و گۆمێکی مەلەکردن لە سلێمانی لەگەل دروستکردنی قوتابخانەیەکی تری سەرەتایی ٩ ژووری لە ماوەت و تەواو کردنی پرۆژەی چاککردنی ئاوی خواردنەوە لە دێهاتەکانا کە ١١ هەزارو ٨٣٠ دیناریان تێ ئەچێت .

هەروەها مەلبەندێکی تەندروستی و خانوویەک لە دێی جافەران دروست ئەکرێت کە ٥ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

ئەوەی شایانی باسە لیژنەی بنیات نان لە سەروکایەتی ئاوچەی کشتوکاڵی لە سلێمانی دەستی بە دروستکردنی پرۆژەی گەنجینەی مەرو مالات لە دێی قولەرەسی کردوە کە لەسەر حیسابی دەزگای ئاوەدان کردنەوەی ژوورو ئەبێت .

## ئەلیە

- مۆسیقا -

موسیقا خۆراکی گیانە . ئەمە ووتەیەکی پیرۆزە گەلێ کەسان پەیرەوی ئەم وونە پیرۆزە ئەکەن جگە لەوەش هەموو دەوڵەتەپێشکەوتووەکان تەقەلای پێشخستنی ئەم هونەرە ئەکەن وە بایەخێکی باشی پێ ئەدەن ... بێ گومان گەلی کورد هەروەکو گەلانی جیهانێ خاوەنی خوورەوشتی خۆیەتی وە لە مادەی فۆلکلۆردا لە گەلێ گەلانی جیهان دەوڵەمەنترە وە سازو مۆسیقای هەر لە کۆنەوە بەکار هێنراوە هەوڵی پێشخستنی داوە بەهەمو توانایەوە . ئیستەش نۆبەرەی تیکۆشانی هونەرمەندانی مۆسیقامان دەرکەوت کە بریتی یە لەڕێ پیدانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بە شێوەیەکی ڕەسمی ..وە لەوەپێش کۆلیان نەداوە لە خزمەت کردنی گەلی کوردوە هەمیشە بەردەوام بوون بەبێ پشوو بە جۆرێک کە هەموو دانیشتوانی کوردستان ڕیزیان لێ گرتون ..

ئیمەیش لەم بارەیەوە بەهۆی ڕێ پیدانی ئەم تیپەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی گەرمترین پیرۆزبایی مان پێش کەش ئەکەین بو تیپی مۆسیقای سلێمانی وە ئاواتەخوازین کە هەمیشە لە پێشکەوتنا بێت وە پەیوەندی بە تیپە هونەریەکانەوە پتەوتربێت بۆ هێنانەدی بەرزکردنەوەی هونەری کوردی وڕادەی پیشخستنی لە کوردستاندا .

ئیتر بۆ پێشەوە لەڕێی هونەری ڕاستەقینەی کوردیدا .

**سمکو عزیز زوڵاڵی**

**سەرۆکی تیپی نواندنی سلیمانی**

## وەزارەتی ئابوری بە درۆ ئەخاتەوە

رۆژی ٩-٦ سەرچاوەیەکی لێپرسراو لەوەزارەتی ئابوری ئەو پروپاگندەیەی بەدرۆ خستۆتەوە کەگوایە نرخی شەکرو چا لەمەولا گران ئەبێت

وە وتویەتی وەزارەتی ئابوری هەموو هاوولاتیان دڵنیا ئەکات کەبەتەمای ئەوەنیە نرخی شەکرو چا زیادبکات هەرچەندە دەرگای فرۆشیاری حکومەت لەوئەرقەی لەنیوان کرین و فرۆشتنی شەکرو چادا هەیە تائێستاش هەر زەرەر ئەکات ، وەسەر چاوەکە راشی کەیاندوە کەشەکرو چا ئیستا ئەوەندە لەوڵاتا هەیە کەتا ماوەیەکی باش بەشی دانیشتوان ئەکات وەهەر بەونرخەش ئەفرۆشرێت کەپێشتر بۆی دانراوە .

هەروەها سەرچاوەکە وتویەتی دەزگا نایبەتیەکان لەوەزارەتی ناوبراوا دەست بەپشکنین و مراقەبەکردنی فرۆشیارەکان ئەکات بۆ ئەوەی رێگا لەوانەبگرێت کەبەتەنگ ژیان و گوزەرانی هاوولاتیانەوە نین ، وەداواشی لەهەموو دانیشتوان بەکەن کەهاوکاری لەگەل دەزگا تایبەتیەکانا بکەن و ساوی ئەوکەسانەیان بدەنێ کەشەکرو چا بەگران لەنرخی دانراوا ئەفرۆشن تاکو بدرێن بەیاساو گەورەترین سزا بدرین .

بەپونەی رۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردیەوە

## دەبا رۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دروشمی سەرکەوتن و یەکێتی و خوێندەواری بێ لە کوردستاندا

- عەبدوڵلا بەرزنجەیی -

گەلی کورد وەک هەموو گەلانی سەر ڕوی زەمین هەمیشە هەوڵو تەقەلای بێ وچانی داوە بۆ سەرکەوتنی لەهەمو ڕوبەکەوە هەر لەڕوی ڕزگاری و مسۆگەر کردنی ژیانی ئابوری و سیاسی و خوێندەواری و تەندروستی یەوە تا ....

بۆیە هەزاران شەهیدی گەلەکەمان و دەیان سەرکردەی قارەمان و خەبات کەری میللەتەکەمان دێتەوە یاد کەخۆیان کردوتە کۆچی قوربانی و لەم ڕێگا پیرۆزەدا توشی ئازارو ئەشکەنجە بون . سەرەڕای ئەوانە هەموو یادی ڕۆژنامە گەری کوردی شەهیدان دێتەوە یاد بە دەرچوونو بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان کە ڕۆلە بەجەرگەکانی مللەتەکەمان لەو ڕێگا پیرۆزەدا دەنگی گەلەکەمانیان بەگەلانی دورو نزیک ڕاگەیاندوە . وەبەنوکی پێنوسەکانیان نەترسانە داوای مافەکانی گەلە کەمانیان ئەکرد .

لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی دا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە لایەن ( نەوەی بەدرخان ) وە دەرکرا کە سەرنوسەری (مقداد مدحت بەگ ) بوو . وە ئەم ڕۆژنامەیە بەکوردی دەرچووە لە ( دار الهلال )ی مصر چاپ ئەکراو راستی مەسەلەی ئەوسای کوردی بۆ گەلانی ئازادی خوازی دنیای ڕون ئەکردەوە .

ڕۆژنامەنوسانی کوردهەرلەو ڕۆژەوە لەگەل ئەرکو ئازاری میللەتەکەماما ژیاون و خوێن لە میللەتەکەمان جیا نەکردەوەو بەدیارلاپەڕەکانیانەوە شەو نوخنیان کێشاوەو کومەڵێک مەسەلەی میژووی گرنگی سیاسی و ئابوری کومەلایەتیان بەڕون کردوینەتەوە .

کەواتە ٧٥ ساڵ پێش ئیستا ڕوشنبیرانی کورد هانایان بردۆتە بەر ڕۆژنامەگەری و هوشیارانە باری سیاسی کوردستانیان لێک داوەتەوە بۆگەلانی ئازادی خواز . ئەمە هەرخەی نیشانەیەکی تری هوشیاری خوێندەوارانی کوردمان بو ڕون ئەکاتەوە .

کەواتە دەستەی بەرێوەبەری ڕۆژنامەی کوردستان ئەوساکەش بۆیان دەرکەوتبو کە میللەتەکەمان تەنیا بەخەباتی شۆڕشگێری بە ئامانج ناگەن بەلکو پێویستە شان بەشانی ئەم خەباتە دەست بەدەنەچەکی نوسین و بەهەردوو چەک لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانا تی بکوشن تاکو هەریەکەیان تەواو کەری ئەوی تریان بێت ، تابەنزیک ترین ڕێگا کاروانی کومەلانی کورد بگەیەنن بەمەنزلگا .

هەرچەندە ئەوساکە ڕۆژنامە گەرێتی کوردی زۆر تەنگ و چەلەمەی هاتۆتە پێش لەڕوی باری سیاسی ئەودەوڵەتانەی کەدەستیان گرتبو بەسەر کوردستانا چ لەڕوی پێت و چاپ . بەڵام ڕوشن بیرانی کورد هەرکۆلیان نەداو توانیان لەچاوکەرەسەی ڕۆژنامە گەری ئەوکاتەدا شورشێکی نوسین بەرپا بکەن وە هەموو تەنگ و چەلەمەی ئەوکاتە رامالین و بەئارەقی ناوچەوانیان کاروانی ڕۆژنامەگەری بگەیەنن بەم ڕۆژەی ئیستاکە پێ نوسی ئازاد ڕێگای خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی بو کورد ڕوشن ئەکاتەوەو دوژمنانی کوردو گەلانی ڕسوائەکات و بیماری سەرکەوتن دەست نیشان ئەکات .

هەڵبەتە ئەم کارە ڕەوایەی ڕۆژنامە نووسان کاری ئەمروز دوێنی نی یەو بەلکو ئەلفەبەکەلەو هەزارەها ئەلفەبەی بەیەکەوە بەستراون تادەست هی تریان دەچێتە سەر .

بۆیە هەمیشە کونەپەرستان و حکومەتە کونەپەرستەکانی پیشو بەربەرەکانی ڕۆژنامەگەریان ئەکردو هەر ڕۆژەی پیلانیکو تومەتیکیان بەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامە نوسەکانی کوردو عەرەب ئەدۆزیەوەو سەرەڕای ئەوگیرو گرفتە گەورانەی ئەیانخستە ڕێگای چاپ و چاپخانەوە .

بۆیە ئیستاکە لەبیرەوەری ٧٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەرێتی لەکوردستاناو بەدەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی هیوای پاشەڕۆژیکی بەختیار و زوربونی چاپخانەو دامو دەزگای ڕۆژنامەگەرێتی و ئاشتی و ئاسایش و یەکیتی کوردو عەرەبی ئەکەین . وە دڵنیاین کە گەلەکەمان بە هەموو ئامانجەکانی خۆی ئەگات و کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی عیراق لەسێبەری ژیانێکی بەختیارو ئاسودەدا ئەژین ..



institut kurde de paris

# ۷۵ سال دریژکا خزمەتا هیڤی وئارمانجێن مرۆڤێ کوردا

## روژنامەگەری یا کوردی و بارێن لسەرهللێن وێ ..

علی نقشبندی

مروف نەشێت روژنامەگەریا کوردی جوداکەت ژروژنامەگەریا وان مللەتان ئەڤێن کورد دگەل دژین ..

چنکو لدێریا مێژویێ مللەتێ کوردو مللەتێن دی پێکڤە ڕێت خەبتێن و بزافا کری ..

هەروەسا مروف بکارێت نافێ روژنامەگەریێ ببینیت لسەر چەند نڤیسینەکو فەریژەکێ بێی کو نافێ هەمی با پێکڤە نەئیت .. ژبەر هندێ دەمێ ئەم دبێنین روژنامەگەریا کوردی رامانا مە ژهەمی نڤیسینێن کوردی یە ئەڤێن لهەمی وەلاتێن کوردز لێ هەین ..

لدرێژیا مێژویا روژنامەگەریا کوردی ، هەر یادەستەسەر کری بوو . ڕێ نەدایە بدرستاهی روژنامە نڤیسێ کورد کارێ خو بکەت ..

هەر چەندە هندە دەمێن بورین روژنامەگەریا کوردی جهێ پێ خو یێ دیتی ، بەلێ بوەدەمەکێ کورت .. بێ گومان ئەچوپراندنا روژنامەگەریا کوردی هزر نەکەن ژبەر لاوازیو بێ خیرەتی یا روژنامە نڤیسێ کورد بیت ، نەخێ .. سویچا ئێکێ ئەو دەولەتن ئەڤێن کورد لناف دژیو هەکە جارەکێ ڤان دەولەتان ڕێ دابیتە روژنامەگەریا کوردی ئەو بو قازانجا خو بوویە .

بزافا روژنامەگەریا کوردیو بسەربەخۆیی ژشورەشا ( ١٤ ) تیرمەهێ یادەست پێ کری ... هەر ژوێ روژێو هەتا نهو هێد هێدی روژنامەگەریا کوردی یاجهێ پێ خو دبینیتو یابزەڤەتر لێ دهێت . ئەڤە ژلایەکی ڤە .. ژلایێ دیڤە روژنامەگەریا کوردی دەورەکێ بلند هەبوو و دێ هەبیت دڤێرکرنا مللەتێ کوردیدا نەخاسمە ڤێرکرنا خویندن و نڤیسینێ هەروەسا ژیارا مللەتی کارەکێ گەلە دکەتە سەر بزافا روژنامەگەریێ چنکو هەکە مللەتێ برسی بیت یێ رویس بیت نەخاندەواری لناڤ یامشە بیت ، ئێدی دێ چاوا روژنامەگەری لناڤ پێشکەڤیت ..

ژبەر هندێ دڤێت ئەم هەمی کار بکەین ریارەکا چاك بو مللەتی درست کەین و نەخویندەواریێ لناڤ راکەین داروژنامەگەریا کوردی بشێت بکارێ خو رابیتو ئەز دبێم ئەڤە ئومێدا هەز کوردەکێ دلسوژو کورد پەروەرە ..

ژبلی هەمی یێ دڤێت ئەم فێری زمانێ خو ببین چنکو چ مللەت نەشێت بێ پێشکەڤن هەکە رەوان زمانێ خو نەزانیت ژبەر هندێ دڤێت ئەم بناغەکێ موکم بو زمانێ خو دانین و خەباتێ بکەین بەرفرهە گەبزو . ئەو نڤیسینێن هاتی نە نڤێسین بدەستی چەند روژهەلات ناسا بخوینین دابزنین کانێ مللەتێن دەرڤە چاوا دمەدگەهەن و داروژنامەگەریا کوردی بشێت جهێ خو بگریت دناف چەرخا زڤرینا مللەتاندا ..

★★★

## هاوکاری - یاکەسێ لسەر نەباخڤێ

ل (١٥)ێ ڤێ هەڤو لشوینا بیست و دووێ نیسانێ روژا روژنامەگەریا کوردی و دیسا روژنامەگەریا عیراقێ بوووری .

روژنامە نڤیس و رەوشەنبیرێن کوردو عەرەب بخێرهاتنەکا گەرم و گورا وێ روژێ کرن و بەری وێ روژێو هەتا نهو ئاهەنگ و جڤات گرێدان دبەردەوامن و گەلە خەلات و دیاری و دەست گرتن هاتنە پێشکێش کرن و کاچەند روژنامەو گوڤار هەنە ، هەر ژروژا دەرکەڤتنا کوردستانێ ، کو یەکەم روژناما کوردەو هەتا گەڤرو بەهرا خو ژهەلسەنگاندن و لسەر نڤیسینێ وەرگرت بنێ (هاوکاری) یا بێ خودان نەبیت ! بو ؟ تو بێخەمەتی چ ؟

جارێ - هاوکاری - بەرهەمەر ڤەریژەکا خەباتا مللەتێ کوردە ، ژبەرکو دەستکەفتەکە ژوان ئەڤێن دبەیاننامە مافێن رەوشەنڤانینا کوردیدا ، هاتی یە دیارکرن راستە بەری ١١ ئادارێ بو ، وەلێ هەر بەرهەمێ وێ خەباتێ بو یامللەتێ مەیێ کورد دکر ژبو مافێن خو .

یادووێ ، ئەگەر مەسەلە ئەو بیت کو - هاوکاری - ژدەزگایەکا میری دەردکەڤتو لەوما دڤێ ئەم پشت گوهێ خوڤە بافێژین لمن وەرە ، ئەڤ هزرکرنە ، نەکو هەریا دروست نینە بەلکی خزمەتا مللەتێ کورد ژی ناکەت و دەرگەهەکێ مەزن ژبو نەیارو دوژمنا ڤەدکەت ، دایا وان بڤێت بکەن و جارەکا دی مللەتێ مە کێش کەنە قادا دووبەرەکی و جەنگا براکوژێ !

وەهەبە خویندەڤانێن هێژا ڤێ جەندێ نەزانن کو روژەکێ ژروژا کەس نەبوویە تبلاخو دکارو پارو نڤیسینێن ( هاوکاری ) ئدا رابکەت بەلکی ( هاوکاری ) سەربەستترین روژناما کوردی بوویە هندی روژنامەگەریا کوردی هەی و هەر نڤیسەڤان و روژنامە نڤیسەکی بنیڤەکا دلێ حو ئاوا ڤێ یای وانڤێسی و چو تەرزە توخیب بو ڤێ سەربەسیی یێ نەبوویە و گەلە جاران ئەو بەرگریا ژمافێن مللەتێ کورد هاتی یەکرن لسەر بەرپەرێن ( هاوکاری )ێ لسەر بەرپەرێن چو روژنامێن کوردی نەهاتی یە کرن . هەروەسا ئەو بیروباوەرو هزرو بوچونێن تیوری و گوتارو چیروك و شیعرو لدوی چونێن سیاسی و چڤاکی و ئابوریێن پێشکەڤتی خازو شورشگێرێن لهاوکاریێ بەلاڤ بووین و کو دێ هەر هێنە بەلاڤکرن ژی هەتا نهو لسەر بەرپەرێن چو روژنامەو گوڤارێن کوردیدا بەلاڤ نەبووینە ئەڤە ژبلی هندێ کو - هاوکاری - خاندنگەهەکا بێ هەڤرویشا خو بوویە دمەیدانا روژنامەگەریێدا ، ژبەرکو نێزیکی ( ٣٠ - ٤٠ ) کەسان ژرەوشەنبیرو نڤیسەڤانێن کورد فێری پێنگاڤێن سەرەکی کرن لسەر ریکا روژنامەگەریێ و ئەڤرو روژنامەکا کوردی دەرناکەڤیت شاکردێن خاندنگەها - هاوکاری - ێ دەورێ سەرەکی دنڤیسینو دەرئینانا هونەری یا وێ روژنامێ نەبینن . ئەڤە بتنێ ، ئەگەر بهێتە گوتن ئان نە ، جهێ سەربلندی و سەرفەرازی یا وان لهشکەرێن بەرزەنە ئەڤێن

ڕیڤینگ

خاندنگەها - هاوکاری - ێ دانایی و پێشخستنێ و بەدەورێ خو رابوونەوەکی هەر کوردەکێ دلسوژێ مللەتێ خو .

ویژدان و بەختو عەدالەتێ وەسا دخازت کو نافێ ( هاوکاری )ێ لسەر بشکا هەمیا بیت ، ژبەرکو هەر ژروژا مللەتێ مە دەست ئافێتیە ئێ رێکێو هەتا نهو روژنامەکا کوردی لپەیسکا - هاوکاری - ێ روناهی نەدیتیە ، چ ژلایێ سەربەستیا نڤیسەڤانانەو ژلایێ وان بابەتێن بەلافکرین ، ئان ژلایێ دەرئینانا هوتەری یا روژنامێڤەو مهانەو مەرجێن سەرەکی بو هەر روژنامەکا بڤێت براستی روژنامە بیتو دەنگەکێ زەلالێ نەترسێ مللەتی بیت .

مخابن ئەڤ رەنگە کارە بەرامبەری - هاوکاری - ێ دهێنە کرن و مخابن خودانێن واکریارا لڤێ پەیسکا هەنە ، کو هاوکاریێ بزۆر پشت گوهێ خو دهاڤێژن .

بەلێ دیارە ، ئەو نکارن دامەزرێنەرێن خاندنگەهەکێ بن بەلێ دیارە ، هاوکاری و نڤیسەڤانێن کورد پەروەرێن - هاوکاری - یێ وەك هەر لهشکەرەکێ بەرزو لدوی شیان و زروڤێن وەلاتی ژمللەتێ خورا دخەبتن و هەتا مار راست نەبیت ناچیتە دگونیڤە .

## روژنامەگەری و بزافا ڤێشکەڤتی خازا مللەتێن جیهانی

ئەڤ شەرێ دهێتە کرن ئڤی چاخی جوداهیا خو واهەی ژشەرێن بەری نهو ... چنکو دەمێ بەرێ شەڕ هەر بشیرو تیرا بویەو هێدی هێدی هندەچەکێن دی یێن هاتی نە بکار ئینان هەتا گەهشتی یە توپ و تانك و بالەفرا ... دگەل بوش بونا شەرێ پێشکەڤتی خازا لوەلاتێن جیهانی هندە چەکێن دی دگەل تڤەنگ و چەکێن زەری هاتنە بکار ئینان ... ئێك ژڤان چەکان نەڤێن گەلە بەرفرهە و شوینا خو هەی لسەر شکەستن و بسەرکەڤتنا شەری روژنامەگەری یە . بهایێ ڤی چەکی چ یاوەسا کێمتر نینە

بروانە ل ٧

## روژنامەگەری کوردی : کێشەکا دریژودێ یەکا پیروز

هەر مللەتەك دهێتە دانان لریزا مللەتێن پێشکەڤتی بیەیسا زانین و خویندەواریێ ، مللەتێ کوردژی دڤێت بهێتە هەلسەنگاندن و بهاکرن لدوی پەیسا بەلاڤبوونا زانین و رەوشەنبیریێ لنافدا .

بێ گومان روژنامەگەری ژی کو دەسەلاتا چارێیە ، شوینا خو واهەی لسەر بیروبەرەی و کریارێن مللەتی و نیشانەکا بەلاڤبونا زانین و رەوشەنبیریێیە .. ئەڤە ژبلی هندێ کو خودیکەکا راست و زەلالا مللەتی و وی سەردەمێیە ، پەیدابوونا روژنامەگەریێ نیشانەکا زیرەکی و تێکەهشتی و زەڤریا مللەتی و رەوشەنبیرێن وی یە .

لڤێ مەیدانا هندە بەرفرهە ، روژنامەنڤیس لهشکەرەکێ بەرزەیە ، چرایەکە دسوتیت و ریکا ژین و ژیارێ ژبو مللەتێ خو رون دکەت ، روژنامەنڤیسێ کورد ژی دڤێ قادا پیروزا ، هزارپەنگێن زیرەکی و خەبات و جەنگینا بەردەوام وێن کرین و بەرپەرێن ژێرین لدوی خویێن هێلاین ددیروکا مللەتێ خودا .

ئەڤ خەباتا پر مێرانی بێ خوین و خوهو روندکێن کەل نەبویە ، ئەڤ ریکا پیروز ، ریکاکا پر ئاسنەنگ و نەخۆشی و داسی و سپتری بو بەهەرچەند روژنامەنڤیسێ کورد راستی خویا کربیت ، هزارەئیك نەخوشی وێن دیتین هەر ژتەپەسەریێ بگرە و هەتادگەهیتە نان برین و زیندان و گرتی خانادا . گەلە روژنامەنڤیسێن کورد پێخەمەتی گوتنەکا شوورشگێرو راست ، چەند سالان دەربەدەری و مشەختی یادیتی ، چەند سالا بەندێن ئاسنی ددەستێن وانداینێن مایین و ئاسنی شەرما ژێ کری . دیروکا روژنامەنڤیسێ کورد ، دیروکا روژنامەنڤیسەکێ ئازاو مێرین و دلسوژێ مللەتەکێ بن دەست و وەلات پارچە - پارچە کری یە ، دیروکەکا پر سەرفەرازی و سەربلندی و گیان بەخشی و قوربانی یە .

بەلێ دسەرڤێ چەندێرا ، هەر چرایەك بوویە رونامی دای و کەسێ پوتنە پێ نەکری یە .

روژنامەنڤیسێ کورد ، مروڤەکێ بێ خودانە ، نەکەس هاریکاریا وی دکەت ، نەدەستەك برینێن وی باڤژدکەت نە چاڤەك بجاڤێ دلسوژی بەرێ خو ددەتێ ، نە مال و فەمیلیا وی لهیڤیا وینەو نەنەو دکاربت ژیانەکا ئاسایی ژوانرا بەیدابکەت .

روژنامەنڤیسێ کورد رەبەنەکەرەبەنایەتی - یێ دکەت ژبو مللەتێ ، خو دڤان روژا بیرەوەریا (٧٥) سالا دەرچونا روژنامە کوردستانێ بووری ، هەروەسا ئاهەنگ هاتنە گێران ببونا جەژنا روژنامەگەری و لوی دەمێ خەلکێ لسەر بەرپەرێن روژنامە دەنگ و باسێن جیهانی و وەلاتی دخویندن ، روژنامەنڤیسێن مە لناف پەرو کاغەز و قەلەم چاپخانێدا دبەرزەبوون ، لروژا جەژنا خو ژی ژجیهانا رەنگین ، جیهانا جەژنێ یی بێ باهرو ، کەسێ ژی نەزانی و کەسێ ژی هەر پویتە پێ نەکرو هەر ئەو چرا ما داروباهیێ بدەت .

ژهەمیا نەخوشتر ئەوە کو روژنامەنڤیسێ کورد ئێکجاری هەر ( بەحسێ وی لپشت کوچك و تەنیرا ) نینە ، دبیت ژبەر هندێ بیت کو کوردەوەلێ :

روژنامەنڤیسێ کورد دێ هەر ئەو چرا بیت یێ ریکا مللەتی رون دکەت و هەر سالو هەرجەژن هوین بخوشی بژین .

عبدالرحمن نقشبندی

## روژنامەگەری و بزافا ڤێشکەڤتی خازا مللەتێن جیهانی

ئەڤ شەرێ دهێتە کرن ئڤی چاخی جوداهیا خو واهەی ژشەرێن بەری نهو ... چنکو دەمێ بەرێ شەڕ هەر بشیرو تیرا بویەو هێدی هێدی هندەچەکێن دی یێن هاتی نە بکار ئینان هەتا گەهشتی یە توپ و تانك و بالەفرا ... دگەل بوش بونا شەرێ پێشکەڤتی خازا لوەلاتێن جیهانی هندە چەکێن دی دگەل تڤەنگ و چەکێن زەری هاتنە بکار ئینان ... ئێك ژڤان چەکان نەڤێن گەلە بەرفرهە و شوینا خو هەی لسەر شکەستن و بسەرکەڤتنا شەری روژنامەگەری یە . بهایێ ڤی چەکی چ یاوەسا کێمتر نینە

بروانە ل ٧

## هاوار

کوردستان

١٣١٥

کوردستانە

بەرەبەرەك ژیانی من

Deng

HEVIYA ROJHI

RIA TEZE

کوردستان

ئەمیرئەنفال

کوردستانە بەرەبەرەك ژیانی من

## کوردستانە

### بەرەبەرەکێ زێرین ژمێژووا روژنامەگەریا کوردی

**حەیفا من دهێت ژکوردارا ، کورد ژگەلە مللەتان بهش و زیرەکترو جامێر دینن**

**دڤێ جەریدێدا ئەز لسەر قەنجیا زانین و هزرێن کوردایەتیێ باخڤم ...**

**خویندەڤانێن هێژاو بەرکەڤتی :**

**دڤان روژادا (٧٥) سال بورین بسەر دەرکەڤتنا روژنامە ( کوردستان )ێ یەکەم روژنامەکوردی ، ببونا ڤێ بیرهاتنا پر سەرفەرازی بو مللەتێ مە ، هاوکاری چەند پارچە نڤیسینێن وێ روژنامێ پێشکێشی وەدکەت لدوی ئیملا ئەڤرو ، هەرچەندە ئەڤ پەرگرافەنە ئەڤرو گەلەدبەردەستن ، پشتی سەبدایێ هێژا د. کەمال فوئادی جارەکادی هەمی هژمارێن کوردستانێ چاپکرینەڤە .**

دهژمارا ئێکێدا ، سەبدایێ نەمر سەرنڤیسەڤانێ روژنامێ دگوتارا سەرەکی دا دبێژیت :

**( سەد هزار شکرو حەمدژ خودێ تەعالارا ، ئەمبوسولمان دایین و زانین و هش و بیر دایەمە ، گەلەك ئایەتێن شەریف دەرحەقێ زانین و مەعرفەتا بوسلمانان هەنە ... )**

یامەدڤێ ئەم بو خویندەڤانێن هێژا دیاربکەین ئەوە کو وەکی چەند نڤیسەڤانەکا رەخنە لمەدگرت ژبەر بکارئینانا ( تێ ) ژبو نیشانا جڤاکی ، دوروست نەبوون ، ژبەرکو نەڤ (تێ )ە نیشانەکا کوردی یا پەی یەو چو نەبیت بەری (٧٥) سالان واکەتیی یە سەر کاغەزێ . ئەڤەژبلی هندێ کو گەلە ئێلو ئویجاخێن کوردا هەز ( تێ )بکار دینن .

سەبدایێ سەرنڤیسەڤان نڤرادچیت و دبێژیت :

**( حەیفا من دهێت ژکوردارا کورد ژگەلە مللەتان بهش و زیرەکترن و جامێر دینن و بزەڤەر خورتن . ) ...**

بەلێ مللەتێ کورد ژمێژوەزەوهەز ژسەردەمێ شاعرێ مەزنێ کورد ( خانی ) وەرە ، لدوی سەربەستی و ئازادی یا خو دگەریت وەلێ لسەردەمێ کوردستان دەرکەڤتی وەك روژنامەکا مللەتەکێ ، ڕەنگێن خەباتێ و رێیا وی دیارو ئاشکرا نەبوو بزافا نەتەوایەتی چ لکوردستانێ و چ لوەلاتێن روژهەلاتا نافەراست هەشتانەگەهشتبوو پەیسکا پیشکەڤتنا هەریکار بو شورەش و هەلبونا ئاگرێ خوپاراستن و رزگارکرنێ .

سەر هندێرا گەلە باوەرێن هەین کو لوی سەردەمی دچونە مەژیێ مروڤێ کورد . لێ ئەڤرو مللەتێ کورد باوەریەکا موکم و بنەجها هەی کو چو مللەت ژیێن دی چێترو بلندتر نینن ، بەلکی تەڤرا براو دوستن ، تەڤرادخەبتن ژبو رزگاری و سەربەستی یا خو .

هەر دگوتارێ سەرەکی دا :

**( ئەڤ روژنامە هاتی یە نڤیساندن و بئانەهیا خودێ هەر (١٥) روژا جارەکێ دێ هێتە نڤیساندن ، من ناڤێ ڤێ روژنامێدا ئەز لسەر قەنجیا زانین و هزرێن کوردایەتیێ باخڤم . )**

بەلێ ناڤێ - کوردستانا - شرین هەر دگویراتی یا داێ مروڤێ کورددا بوویەو هەر ژبەرهندێ یەکەم روژنامە کوردی شەرەڤا هەلگرتنا وی ناڤێ ڕەنگین هەبوو .

بەلێ - کوردایەتی - ئاخینەکا بێ دیوماهی یا گەلە درێژە هەر هەبوویەو دێ هەرهەبیت و هەرچەندە بهزاران دلێن پیروژ بن ئاخبوون و ناخنا خو دگەل خو برن ، وەلێ گەلەك نەمایە ... مللەتێ مەیێ کورد بێ ئاخین ژیت و کوردایەتی وەك بزافەکا شورەشگێرا گەلەك عادل و پر مروڤایەتیی و گەلەکا بلندو باڤژ سەربکەڤیت و مروڤێ کورد سەربەست و ئازا بژیت .

ئەڤەو هەر دهژمارا ئێکێدا سەبدایێ سەرنڤیسەڤان دبێژیت :

**( هەروەسا ئەزێ نیشا کوردا بکەم لکیرێ شەڕ دبن دناڤبەرا دەولەتێن مەزنداو چاوا شەری دکەن ) .**

بەلێ روژنامە دڤێ هەرچی دەنگ و باس و سالوخو نوی - جێبوو هەنە دڤێ بکەهینیتە خویندەڤانێ خو ، ئەگەر وەنەکەت دێ ژروژنامەیێ کەڤیت یەکەم روژناما کوردی نەڤ راستیی یە دزاتی و لەوما سوز ددا خویندەڤانێن خو کو هەرچی لدویناێ هەی بگەهینیتە وان .

**( ئەڤ روژنامە یائیکی یە ، لەوما دێ گەلەك کێماتی لێ هەبن ) .**

بەلێ سەبدایێ هێژا ، راستە گوتنا تە ، وەلێ ئەڤرو ئەو راستی و کێماتی ، باش و نەقەنجی ، چاك و خرابی ، هەر گوتنەکا تە نڤیسی جهێ پێشکەڤتن و پاشکەڤتن ، هەمی سەربلندیا مللەتێ تەیەو ئەم ژکویراتی یا دلێ خو سوباسەکا گەرم ژتەرا دشینین ، هیڤیدا بن جانێ تەیێ ساخ ددلێ مەدا ژمە وەربگریت .

وەلێ ئەڤ بزاڤ و خەباتا خودانێ کوردستانێ ، دڤیاو هەر وەسازی بو بەرامبەری زولم و زۆری یا داگیرکەرێن تەرك راوەستیت ، ژبەر هندێ دهژمارا چارێدا دبێژیت :

**( من کاغەزەك شاند بو سولتان عبدالحمیدی و بترکی نڤیساند ، تێدا من هیڤی کر کو بهێلیت روژنامە من بچیتە کوردستانێ چنکو ، گەلە نامە ژمرا دهێن ، تێدا دبێژن حکومەتا تورکی ناهێلیت روژنامە من بگەهینە وان کەسا ئەوێن ئەز بو دشینم ، چنکو وەسا هزر دکەن ئەز بخرابی لسەر حکومەتا تورکی دنڤیسم ، چنکو ئەو کوردێ نزانن بخوین . )**

لسەر ڤێ خوش مروڤایەتی و دلپاکی یدا ، زالێن تورك ، کو پتر دشەهرەزابن ژمللەتێ کورد لوی سەردەمی دڤیا دەنگێ مللەتێ کورد بن ئاخ بکەت و ریکا هندێ نەڤەکەت مروڤێ کورد فێری خویندن و نڤیسینو رەنگێن رەوشنبیری و زانینا ئامادەمیزادی بن ، ژبەرکو سەرنڤیسەڤانێ یەکەم روژنامە کورد ، یێ بێدەست هەلات و بێ خوی و خودان و بو دزانی دەنگ ژدەستەکی ناهێت نەوزا ژمللەتی دخازت :

بروانە ل ٧

# ٧ پرسیار و روشنبیرانی کوردستان

## وەڵامی مامۆستا طاهر صادق

**پرسیاری یەکەم : نوسینی کوردی لە کەیەوەباوە ؟**

**وەڵامی یەکەم :**

بۆ ڕون کردنەوەی ئەم باسە گرنگە ئەکەینە جەوت بەشەوە

١ - بەڵای ئێمەوە مێژووی نوسینی کوردی پێش ئیسلام زۆر ئاڵۆزو تاریکە ئەگەر بمانەوێ ئەو چەرخە ڕون بکەینەوە بە شێوەیەکی ڕانیاری پێویستیمان بە بەڵگەی دیارو سەرچاوەی ڕاستە نەك لە خۆمانەوە بنوسین و بیرازێنینەوە بە فیڕۆ خۆمانی پێهەڵبسەنگێنین کە نەتێگەیشتوانی خۆمان وە نە زانایانی بێگانەبەو جۆرە وشکە کەلەکە نارەوایە ناخەلەتێن ... لێرەدادور نییە کە هەندێ لە پسپۆڕە کانی زمانەوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند ئاگاداری چۆنیەتی ئەم باسەبن .

**٢ - لەپەیدا بونی ئیسلامەوەتا سەدەی نۆیەم :**

لەو ماوەیەدا لە هەمو گوندوشارەکانی کوردستاندا بە پلەیەکی پتر لەپێویست مزگەوت دروست کراوە بۆ خوا ناسین و فێربونی زانیاریەکانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامەوە فێر بونی زمانی فارسی ، وە بۆ ناسینی پیتی عەرەبی و نوسین و خوێندنی سەرەتایی منالانی ئەتەوەکەمان سوختەخانەی ( حوجرە ) تایبەتی لە مالآن و ناو مزگەوتەکان ئامادە بوون بۆ وەرگرتنی قوتابی . وە خوێندەوارانی ئەوسەردەمە بەپێی پلەی زانین ناو براون بە سوختە - فەقێ - موستەعید - مەلا - مەلای گەورە هەروەهاش بە نوسەرگوتراوە میرزا وە بێگومان گەلێ زانای گەورە و بڵیمەت لە کورد هەڵکەوتووە بەڵام بەداخەوە بەخۆو بەرهەمەکانیانەوەبێ سەرو شوێن ون بون ورۆ یشتون چونکە بنچینەی ڕوشنبیری خۆمالی نەبو ، وە ئەو زانایانە بۆ خزمەتی ڕوشنبیری و نوسینی کوردی چیان بەچی نەکردووەبەتەواویەتی وازیان لە زمانە زگماکەکەی خۆیان هێناوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەبیریان دانە هاتووە کە نرخی نەتەوە بە نرخی زمانەوەبەستراوە کە ئەوەش ئەکاتە ڕێزو نرخی پاشە ڕۆژەکەی خۆیان ، وە ئەو شعرانەی بە کوردیان داناوە لە ناچاری بووە بۆ ئەوەی کە ( قەریحە )ی دەردی دەرون و سوزی دڵیان بێ گیروگرفتو کەمو کورتی دەربڕن نەك لە ئەنجامی هۆشیاری و دڵسوزی نەتەوایەتی یەوە ...

**٣ - لە سەدەی نۆوە هەتاسەدەی هەژدەهەم :**

لەو ماوە دور و درێژەدا کەپرە لە ڕوداوی خوێناوی و ژێردەستی و زۆرداری و چەوساوەو هەژاری لە میژوی گەلەکەماندا ڕوشنبیری و نوسین بە زمانی کوردی هەز وەك نەبوبێ وایە ئەوەش نە بەر ئەوەی کە لەوکاتەدا خوێندن بە زمانی بێگانە بوو دەستەلات لەدەست داگیرکەران بووە سەرەڕای ئەوانەش ئەگەر زمانەکەمان زمانێکی گەلێ قایم چیر نەبوایە خۆی بەزامەر ئەو لافاوە بە تەوژمە ڕانەئەگرت و تیاڵەچو ، وە هەمو زەبروزەنگ لێرەدا ئەوە بو تا ڕادەیەك وشەکانی لاییدە کۆچی کردە ناو جەرگەی زمان و گفتوگۆمان بەتایبەتی زاراوەکانی ڕانیاری و ئایینی ... لەگەڵ ئەو هەمو دەردە سەریەی کە کورد توشی هاتووە هەندێ شاعیریش بووە کە شعریان بەکوردی داناوە کە کۆنترین و ناسراویان بابە تاهیری هەمەدانی بووە شیعری بە شێوەی لوری داناوە کە ئێستاش بڵاوە ، وە یەکەمین شاعیری کوردیش کە شیعری بە کورد و کوردستاندا گوتوبێ ئەحمەدی خانی یە وە چیرۆکەکەشی یەکەمین چیرۆکی کوردی بە ناوی مەم و زین .

**٤ - لە سەدەی هەژدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی :**

لە ڕاستیدا بزوتنەوەی گەڵاڵەکردنی نوسین و ڕوشنبیری نەتەوەی کورد لێرەوە دەست پێ ئەکات بەشێوەیەکی فراوانتر لەسەردەمەکانی پێشو وەزانایانی هۆشیارو ڕوشنبیرانی دڵسۆزو شاعیرانی نیشتمان پەروەر بە پێنوسی بەوەج و سەرو ماڵیانەوە بۆ ئەم ئامانجە ڕەنجیان داوە بۆ ئەوەی ئاستی ڕوشنبیری گەلەکەیان بگاتە ئاستی نەتەوەکانی هاوسێیان وە بەتایبەتی بنەماڵەی بەدرخان وحاجی قادری کۆیی بەردی بناخەی ئەو پرۆژەیەیان داناوە ....

بە کورتی باری ڕوشنبیری و نوسینی ئەو سەردەمەیە بەم جۆرەیە :

* ناو بەناو دەرهێنانی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی لە ئەستەمبۆڵ و قاهیرە و شام و حەڵەب .
* دانانی مەولودنامە بە زمانی کوردی .
* دانانی فەرهەنگ و فەرهەنگچە و کتێب و نامیلکەی کوردی .
* پەیدابونی شیعری بە هەست و نیشتمانی .
* تاکە تاك نامە نوسین بە کوردی !!

بەڵام زۆر بەداخەوە لە هەر سەردەمەکاندا نوسینەکانی سەر دیوار و کۆشك و پرد و دەرگەی مزگەوت و سەو کێڵی گۆرستان و چەك و باروو مۆر ورایەخ و ئاسنجاروو ئەشکەوت و دەربەندو شاخ و پێستی ئاژەڵ هەر بەزمانی بێگانە نوسراون ...؟

**٥ - لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەوە هەتا ساڵی ١٩٥٨ :**

کە ئینگلیز کوردستانی عیراقی داگیر کرد ( مێجەر سۆن ) بو بە حاکمی سیاسی لیوای سلێمانی کە شێوەی کوردی ئەو ناوچەیەی باش ئەزانی وە یەك لە کردەوەکانی ئەوە بو دەستی کرد بە دامەزراندنی چاپخانەیەك بۆ چاپەمەنی ڕۆژنامەیەکی کوردی و کاروباری میری وە ڕێدان بە خوێندنی قوتابخانەکانی لیوای سلێمانی و سکاڵا نوسینی و کاروبار بردنە سەر بە زمانی کوردی ... بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانی بزوتنەوەی نوسینی کوردی و مامۆستایان و ڕوشنبیرانی سلێمانی دەستێکی باڵایان بو ، وەتێنی ڕوناکی ڕوشنبیری ئەوشارە کارێکی گرنگی کردە سەر لیوای کەرکوك و هەولێر ( بەڵام بەداخەوە نەگەیشتە بادینان ) وە لەو ڕووەوە مەلا موحەممەدی گەورە و سالح قەفتان لەکۆیەو سەید حوسین موکریانی بەخۆو چاپخانەی کوردستانیەوە لەکەڵ قائمقام سەید تاها لە ڕەواندوز وە قائمقام عەبدورەحمان سەعید لە مەخمور وە شاعیر عەبدولخالق ئەسیری ( أنیری ) لە کەرکوك وە ڕوشنبیرانی دڵسۆزی کورد لە بەغدا هان و تەقەڵایەکی زۆریان داوە ، پاش ماوەیەکی کەم بە چەند مانگێك لە شاری کەرکوك « موفەتیشی یەتی مەعاریفی کوردستان » دامەزرا کە تەماشای کاروباری قوتابخانەکانی کوردی لیوای کەرکوك و هەولێرو سولەیمانی ئەکرد بەڵام داخو موخابن ئەوەبو کە ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە پاش ماوەیەکی کورت تەفرو تونا کرا مامۆستایانی دڵسۆزبان دور خستنەوە دەرس گوتنەوە لە قوتابخانەکانمان بۆ بەعەرەبی وە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەی کە ناو بەناو بە کوردی دەرئەچوز بە هەر نرخێك با یان سرو سست ئەکران وەیان دائەخرانە لەکەڵ ئەو هەمو بەربەرەکانی و مەترسی و پاڵەپەستۆیەدا کاروانی ڕوشنبیری کورد بە وردی و هۆشیارانەوە هەنگاوی خۆی ئەهاویشت بەپشتگیری وهاندانی کۆمەڵو پارتەکانی کوردستان و قوتابیانی کورد لە پابتەختو دەرەوەی عیراق ...

بە کورتی باری ڕوشنبیری و نوسینی کوردی لەو ماوەیەدا بەم جۆرە بوو :

* ناو بەناو گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەر ئەهێنرا لە عیراق و سوریاو لبنان .
* تا ڕادەیەك چاپەمەنی کتێب و نامیلکەو فەرهەنگ و دیوانی شیعرو چیرۆك و ڕێزمان و دەستوری نوسینی کوردی و وەرگێڕانی کتێب بۆ زمانی کوردی .
* تا ڕادەیەك باو بونی نامەنوسین و ناونیشان نوسین بە کوردی .
* پەرە ساندنی ناوی کوردی منالان .

**٦ - لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٧٣ :**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەموز بەڵێن درا بە پێدانی مافی ڕوشنبیری نەتەوایەتی بۆ کوردی عیراق بەڵام هەندەی پێ نەچو پەتی خاوی ئەوپەیمانەپچرا بریار نامەکەی ڕەسمیش بە گری بۆمباو بەبڵیسەی تۆپ و گوللەی نارەوا سوتانرا و بو بەخۆڵەمیش بەو جۆرە کار لە کار ترازا بەرژەوەندی گشتی بیراوڕۆژ بەڕۆژ سەر بەرەو لێژ گلۆر ئەبۆوە زۆربەی قوتابخانەکانی گوندەکانی کوردستان تێك دران و سوتان و بونە ڕەویەکی ساکار گشت قوتابی و مامۆستایان پەرت و دەربەدەربون ، لە ڕاستیدا ئەوە ماوەیەکی خوێناوی و دوکەڵاوی بوو ناخۆشترینی کات بو بە گوێرەی دۆخی ژیانی گەلی کوردی زامدار لەگەڵ ئەوەشا ئاستی ڕوتنەوەی ڕوشنبیریمان تارادەیەك دانەبەزی وە هەندێ لە هەنگاوەکانی بزوتنەوەی ڕوشنبیری ئەمە ماوەیە ئەمانەن :

× دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ( هەر چەندە ناوی هەبو بەڵام ناوکی نەبو ) .
× دامەزراندنی ڕانستگا لەشاری سلێمانی .
× ڕێدان بە دو سێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی .
× چاوپۆشین لە چاپەمەنی کوردی تارادەیەك .
× بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کوردی لەڕادیۆو تەلەفیزیۆن بۆ ماوەی چەند سەعاتیك .

**٧ - لەیازدەی مارتی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٣ :**

پاش دامڵکانی ناگری جەنگی بڕا کوژی مافی سروشتی ڕوشنبیری گەلی کوردی عیراق لە ڕێگەی بەیانی میژوویی یازدەی مارتەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی بەدەنگی سەرۆك کۆماری عیراق لە ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی بەغدا بڵاوکرایەوە لەپاش ئەوەدا ئەم هەنگاوانەی ژێرەوە بەچێ گەیاندران وەك :

- دەستکرا بە دەرس گوتنەوە لە هەمو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی کوردستانا بە زمانی کوردی .
- ڕێدان بە دەرهێنانی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی .
- سەربەست کردنی چاپەمەنی کوردی .
- دامەزراندنی یەکیەتی نوسەران و ڕوشنبیری کورد .
- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕوشنبیری کورد .
- گەشەدان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بە شێوەیەکی فراوان و ڕاست .

**پرسیاری دووەم : لەسەرەتای نوسینی کوردی چ جۆرە نوسینێك باو بووە ؟ چیرۆك و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی - سیاسی - ئایینی ... هتد . وەڵامی دووەم : ئێمە لەو باوەڕین کە شیعر باو بووە لەسەرەتای نوسینی کورد ...**

**پرسیاری سێیەم : چ جۆرە کۆسپێك هاتوتە بەردەم گەشە نەکردنی نوسینی کوردی . ئەوەی پێوەندی بە نەتەوەی کورد هەبو ، یا خود بە بێگانەو ئیمپریالیزمەوە ...**

**وەڵامی سێیەم :**

بەرای ئێمە ئەم خاڵانەی ژێرەوە کۆسپ بون لەپێش گەشە نەکردنی نوسینی کوردی :

× باری جوگرافی کوردستان کە خراپ هەڵکەوتووە و دوور بووەلە سەر دەریاو کاروانسەرای بازرگانی جیهانی .
× باری کۆمەڵایەتی تەلی کورد و زەبری زۆرداری خۆمانە وای لێ کردووە کە لەئاستێکی تەنگ بنواری و بیرکوڵ بێ وەلە کەم هەستی هۆشیاری نەتەوایەتیدا بژی .
× نەتەوەی کورد لەوڵاتەکانی خاوەن شارستانیتی بەرز خۆی دور گرتووە تاکو بە

بڕوانە ل ٧

# باڵەهونەر بگەین

**چۆن چێژ ئەگرین ؟**

هەروەکو لەمەوبەر باسمان کرد ، هیچ گیروگرفتێك لەو بارەوە نییە کە بڵێین هەستکردن بەکاری هونەری ، جۆرە انفعالێك لە ناوەوەماندا دروست ئەکات ، کەوا ناخ داگیر ئەکات ئەویش بەگوێرەی سۆزو پلەی زانستی و تاقی کردنەوەی بینەرە .

لەسەرەتای هەنگاومان قایل نین بە چاو پێخشاندنێکی سەرپێیی ، بگرە . پێویستە لەگەڵ ئەو کارانەدا بژین کە سەرنجیان ئەدەین ، وردبینەوە لە شێوەی دەربڕینی هونەرمەندە لە هێڵو ڕەنگو جولاوەو ئیقاعو فەبارە .. هتد . کەوا ئەو هونەرمەندە توانیویە تێبینیی خۆی لەو کارانەدا بنوێنێ بە جۆرێك لە عاست نیگارو پەیکەرەکەدا یان لە عاست ئاوازو هەڵپەڕ کێ کەدا هەست بە ئەندێشەو خولیاو تێڕوانیی هونەرمەندەکە بکەین . بینەرێکی زاناو خاوەن هۆش . بۆی هەیە لەچەند ڕێگایەکی تریشەوە چێژ لە هونەر وەربگرێت ، کەوا لەتوانای پێنووس دا نییە گشت ئەو کارە تۆمار بکاتو بە ووشە نهێنییەکانی بدرکێنێ .

ئەو کەسانەی پەردەی گۆیان بە ئاواز ڕاهاتووەو چاویان بە نیگاری هونەری زاخاو داوە لە وزەیاندا هەیە یەکسەر چێژ لە بەرهەمێك وەربگرن و هەست بە جوانی ئیقاعی هێڵو سیمۆنی ی ڕەنگو لەنجەی ئاوازەکان بکەن .

ڕەنگو پەیژەکانی (موزیکا) لەگەڵ ئاوازو پلەکانی ( السلم الموسیقی ) کارێکی تەلیسماوی ئەگێڕن لە چاوو گوێدا ، بە جۆرێك نیگارێکی بۆ چێژ ئەبەخشن کە ووشە عاستی دا دۆش دانەمێنێ . بۆ نەوەی زیاتر لە چێژ وەرگرتنی هونەری بگەین پێویستە باس لە هونەری کۆنو نوێ بکەین ، چونکە هەریەك لەمانە شێوەیەکی جیایان هەیە . لە هونەری کلاسیکیدا چێژ وەرگرتن پەیوەندی بە هەستی جوانیەوە ، کە ئەویش پەیوەندە بە هەستی مرۆڤایەتیەوە ، وەك دیمەنی زیندووی سروشتو جۆلانەوەی گیانداراکانی بەڵام لە هونەری نۆیدا پەیوەندی چێژ بە بیرو هۆشەوەیە ، واتە چێژ لەو بیرە تیژانە وەرئەگرین کەوا ئەو هونەرەی جماندووە . بۆیە بە پێچەوانەی هونەری کۆن ( کە پەیوەندی بە هەستەوە هەیە ) هونەری نۆی بێچووی بیرو لێکدانەوەیە . هەروەهاش وا ئەووترێ دەربارەی قوتابخانە جیاوازەکان ، کە هەر یەکەیان پێوانێکی تایبەتی یان هەیە سەرەڕای پێوانی گشتی کە ئەگەڕێتەوە بۆ ( جوانی ) دەربڕین .

هەر چۆنێك بێ تاقی کردنەوەی پێشوو شارەزایی و هەستی بینەر ، دەستێکی باڵای هەیە لە چێژدا . بۆ نموونە پارچە هەڵبەستێکی تەرو ئاسك کە تەلی هەست ئەلەرێنێتەوە ، هاتوو هەمان هەڵبەست بە زوبانێکی تر بنووسریت یان بگۆڕدرێت ، کەشا ڕەزایی مان لێ نەبێ ، بێگومان هیچ هەستێك بە جوانی هەڵبەستەکە ئەبزوتێنێ وە ئەو ئیقاعە کە لەگەڵ ئەو هەستە ئەگونجێ ئەو ئیقاعە ئەبزوتێنێ .

**عبدالله سەراج**

---

## • ناوێك وچەند پرسیارێك

### عومەر چاوشین

**ئامادەکردنی : احمد رتبوار**

× عمر چاوشین لەشاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٠دا لەدایك بوە .. پلەی خوێندنی تا ناوەندی یە .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بواری ئەواوکردنی خوێندنی نەبوە ، ئەبینین ئەکتەرێکی لێهاتوو چالاکە وەبەگوێرەی توانای خۆی خزمەتی هونەری نواندنی کوردی ئەکات ..

چاوشین توانی ئەو کەلەبەرەی لە هونەری تەمسیلماندا هەیە ( کە ئەویش ئەبوونی نافرەتە تا ڕادەیەکی چاك وە بە سەرکەوتوویی پڕ بکاتەوە .. چونکەوەك ئاشکرایە کاك عمر بە زۆری دەوری نافرەت ئەبینێ لە نواندنا .. وە ئیستا ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی سلیمانی یە .. لە سەردانێکی بەغدای دا ئەم چەند پرسیارەمان لێ کرد :

**پ١ - کاك عمر بەهەوەی هونەری تەمسیلتان چۆن خەملاندوە .. وە لە کەیەوەهەستت بەو بەهرەیە کردوە ؟**

و - ئەگەر مرۆڤ بەهرەیەکی تیا بوو وە خولیای بوو ئیتر مانای ئەوە نیە کە هەر لەمنالیەوە هونەرمەند بوە ، بەڵام زۆر کەس هەیە لە تەمەنی (١٢)ساڵانەوە بەهرەیەکی تیا بەدی ئەکرێ .. جاری واش هەبە ئەو بەهرەیە تاسەر نابێ .

من لە (١٢) ساڵیەوە حەزم لەهونەر کردوە بەتایبەتی موسیقا دوای ئەوە خوم داوەتە بەشی وێنە کیشان تا ماوەیەکی زۆر ، بەڵام لە ساڵانی ٥٩و ٦٠دا بە تەواوی شەیدای هونەری تەمسیل بووم ، وە لە ساڵی١٩٦٨دا هونەری تەمسیل کاری تێ کردم وە کەوتمە دڵداری کردن لەگەڵیا وە بۆی ئەژیامو چوە خوێنمەوەو تاماوم تیا ئەژیم و خۆمی تیا ئەبینم وە خۆشەویسترین شتە بە لامەوە .

**پ٢ - ئەکتەر کێیە ؟ ئەکتەری کورد ئەبێ چۆن بێ ؟**

و - مرۆڤ ئەگەر ویستی بە شیوەیەك خاك و گەلەکەی خۆش بوی و خزمەتی بکا ڕێگازۆرە ، ئەوەی زیاتر لای من پەسندە هونەری تەمسیلە کەبەو ڕێگایە ئەو بەشداریە بکەم بە گیانێکی پاکی لە خۆبوردنەوە .. چونە سەر شانۆ بە هەمو گیانی ئەو گەسەوە .. بەبڕوایەکی قایمەوە ئەو ناوەرۆکەی گەیاندە خەلکی ئەوەو ئەکتەرە .. چونکە ئەوەی خەلکی هەستی پێ ناکا لە کەموکوڕی ژیان و پێشکەوتن و دواکەوتن وە چەندەها دەردی کوشندە تەنیا هونەرمەندە کە هەستی پێ بکا .. گوردیش انسانە ئەبێ ئەکتەری وای هەبێ .

**پ٣ - شانۆگەری کوردی ئەمڕۆمانت چۆن دێتە پێش چاو؟**

و - شانۆگەری لەناو ئێمەداچەند کەسانێك لێی تێ گەیشتون لە وانەی ئیشی تیا ئەکەن وەشانۆگەری لای ئیمە ڕێگای ڕاستی خۆی نەگرتوە وەخزمەتی تەواو ناگەیێنێ .. چونکە بۆتە شتێکی ئاسایی وەکو زۆرشتی تری ناو ئەم کۆمەڵە ، بۆ بەڕژەوەندی خۆیی بەکاردێ ، بۆیە خزمەت ناگەیێنی .. خۆ ئەگەر خزمەتیشی گەیاند لەگەڵ ئەو هەموو لەکەیەوە زوربەی زۆری ئەم میللەتە بە لنگەوقرچ تێی ئەگەن .

**پ٤ - پارە + ئەکتەر + شانۆ = خزمەتی کۆمەڵ ؟**

و - پارە هەر چەندە بدرەوشێتەوە شتێکی بێ نرخە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کوژراوی پارەین .

زۆر سەرسامم کە بەئاسانی ئەڵێت : پارە + ئەکتەر + شانۆ = خزمەتی کۆمەڵ .

نەء : پارە بۆ کاری هونەری + ئەکتەرێك کە تێر بێ + شانۆیەکی هونەری کە بە برژانگی چاو خزمەتی بکرێ = خزمەتی ئینسان بەمەرجێ عەقڵو ئیدراکی هەبێ .

**پ٥ - پەیرەوی قوتابخانەی ریالیزم سەرکەوتوترە لە نواندنا یا ریالیزمی سوشیالیست ؟ وە بۆ ؟**

و - من پەیرەوی قوتابخانەی ریالیزمی سوشیالیست ئەکەم لە هونەری شانۆگەری دا ، بەڵام پێویستە ئەو کۆمەڵەی ئیشی شانۆگەریان لەگەڵا ئەکەم لە هەموو شیوەکانی هونەری بگەن وە هەریەکە نرخی خۆی بدەنێ و تێکەڵاوی بکەن .. وەك چیرۆکێکی کلاسیکی گۆن لە ناوقەدا کومبارسیك دا لە هۆڵەکەوە بێتە زوورەوە بۆ سەر شانۆ واتە تێکەڵاوی جمهوری بکەن .

---

# هونەری جوتیاران

پێویستی سەرشانی ئێمە لەم سەردەمەدا ، لەبارەی هونەر ، گەڕان و هەوڵدانی زیاترە ، بۆشارەزابوونی ڕاستو بەجێتر . لەمیانی - هونەرو ڕێبازەکانی - واتە .. بگەینە تەواوی مێژووی هونەرو قۆناغەکانی ، ئەمەش بەشێ کردنەوەی لەبارترە .

کاتێ نووسەران و هونەرمەندەکانی ئەم گێتیە ، لە هونەردا ئەکۆڵنەوە .. ئەوکاتە هونەرپکی زیندوو خۆی ئەنوێنێ ...

کەوا - هونەرێکی سادەوساکار - بووە .. هەتا ئێستاش هەر بەناوی - هونەری جوتیاران - ناوی ئەبردرێت .

ئەم هونەرەش .. وانەبێ وەکو لقەکانی تری هونەر .. پێویستی بە - کەلوپەلی جۆراوجۆر - و بابەتی گرنگ - هەبێ .. یاخود پێویستی بە - ڕۆشنبیرانی هەڵکەوتوو - هەبێ .. ئەمەش وانەبێ سەیر بێ .. چونکە هونەرەکە خۆی - سادەیە - وە تاکو گەشەپێدانیشی هەر بە - ساکاری - یکی نەواوەوەدەستی پێ کردووەو خراوەتە چوارچێوەی خزمەت کردنەوە .

بێگومان ئەمەش .. نەمەپاری ژیان و گوزەرانی ئەم چینەیەکە ئەوانیش - گوزەرانی - یان هەروەکو هونەرەکەیان بە - سادەوساکارەوە - خۆی ئەنوێنێ .

سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم هونەرە .. هەر بە هۆی ئەو کەلو پەلو جلو بەرگانەوەبوو ، کە پێویستی خۆیان پێ بوو . بەڵام وەکو هەووشتێك .. کەگۆڕانی بەسەرا زاڵ ئەبێ ئەم هونەرەش .. گۆڕانی جۆراوجۆری بەسەرا هاتو .. گۆڕا ، دەستەرەنگینی یەکی تەواوی تیاکراو .. نومەی کرد ، بەوپەڕی جوانکاری یەوە .. کە ئەمیش تووانای ئەویست .

بەم گۆڕانانە .. جوتیاران ، هەستیان بە ئەرکێك کرد ، کە خراوەتەسەرشانیان ، کەئەویش گەشەپێدانی هونەرەکەیان بوو جاکاتێ هەستیان بەجووجۆلی سەرکەوتووی خۆیان کرد .. کەوتنە خۆئامادەکردن ، بۆمەبەستو خواستی بەبەرز . بەمەرێگەشەوە ، تووڵنی یان ، گەشە بە هونەرەکەیان بدەن و .. بیخەنە چوارچێوەی خزمەت کردنەوە .

هەوڵێ ئەوەیان ئەدا .. شتی تازەترو نوێتر فێربن .. بۆ ئەوەی بچنە پێشەوە بۆ بیری سەربەستی تر .. سەروکەوتنی زیاتر .

- چینی جوتیاران - بەدوای هونەرێکدا ئەگەڕان کەوا .. لەگەڵ باری گوزەران و هەنس و کەوتیانا بگونجێ ..

ئەم هونەرە .. خزمەتی چینی جووتیاران ئەکات .. بەڕێگای ، دروستو مرۆڤایەتی .. بۆ بزوتنەوەی باری ژیانی جووتیاران . دیسانەوە ئەم هونەرە .. خزمەتی کۆمەڵی پێ ئەکرێ .. پێویستی تەواوی سەرشانی ئێمەش لەم بارەیەوە هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی زیاترە .

**- شێرزاد عبدالرحمن - هەولێر**

لاپەرە - ٦

institutkurde.de paris

### پاشماوەی : داستانی جوژەردان ....

بێ‌کوتایە .. لەدوا بڕیارا کارەبایان بڕی .. مایکرفونیش وەستا .. جوژەردان بە دەنگێکی بەرز ووتی ) :-

ئەی خەڵکی شار .. گۆی بگرن لێم
با هەر یەکێ .. لە ئێوەی ژێر
ئاوارە بێ ..
دکتور فوءاد ..
کاوانی بێ ..
هەتا وەکو .. خونچەی هیوا
چاوی هەڵدێ .

### پاشماوەی : چەند هەوالێك لەگەڵ‌روی هەرگەوە

باس‌کرا .

**٨ - کاتێ لەیەك ناگەبن :** شاعیرەی دەمانچەکەیا .. قەڵەمی سووڕان لەدنیای بۆتەو چیرۆکە برد .. ئەو خۆشەویستی‌وحەزا - چرانی رستەی دوایی هەفو لوولەی کڵۆ ئاگرێ چاوەڕوانی بەجاوی تفەنگەکەی « ماو » ئەخاتەوە . ئۆقرەدا .. لەوڵاتی شەیتانیدا یاد ..

**١٠ - سێ هەڵوێست لەگیانێکدا :** .. کچ‌وکوڕێك .. ئەیا هەرێ مامەحاجی دوای‌پڕکردنەوەی سەرەتایەك بۆ جۆماڵی عەمبارەکەی لەکەڵ‌وبەڵی ئالانی ئەوینداری بکێشی .. .کۆڵی زیلەکان ئەیفەرموو.. زۆرجاران بێ‌ئەوەی - بە حەیای خۆتانەوە پێ‌بزانن بکەرێنەوە .. .. لووتیان لەلووتی یەکتر قسەکانی دوێنێی ئەدا .. کورەکە چەند بیرچووبونەوە کە دەیفەرموو ! ووشەیەکی سارد ئەبیستێنەوە سەوەرەت . منال .. ماڵ .. نامەیەکی نارەزایی تێ‌ئەگرێ هەر وەختێ ئەوان بڵێن وکچەش بەکۆل ئەو ئەشوا .. لەچاوترووکانیا خاوەنیان نیم . کەبگەڕێین بۆ ووشەی پەلك هەموو شتێ ئەپێتەوە ئابروو سەوزی دڵداری لەم هەرێمە .. شەرف .. نەبێ نە ئەو بەناو خۆشەویستەدا بەرچاومان راستیە دووبارە دەکاتەوە .. ناکەوێ ..جۆری دابڕانەکەبان کە بوە زۆراکان لە زیانێکی بێ‌بناغەیە .. هەر بەفسەیەك تایبەتی‌و ناسکان بەتەنگ ئەو کۆشکانەی دوێنێ خۆیانەوەن .. مردن .. تۆڵە هەڵچنرابوون بروخێن .. لەفەرهەنگی ئەمانا کرێنراوە، بۆ ؟.. ئەو منالانە بۆ کاك تایەریش هەر دەیەوێ بەندیکرێن کە ئەوینە ! ئێمەی ئەوەبێژێ هەر قسەیان هەیە . پیاو خۆشەویستیمان تەیا بۆ دڵی خۆمان‌و ئارەزوی خۆمان ئەوێت ئەگینا ئەو سەرنجە کورت‌و بڕاوانە مانەدەبوو .. ئاوا لەمەڕ بابەتی وادا چەوتانە بێ‌توێژ نەدەڕۆیشتین .

بەتێکڕا .. تاکو ئێرە من بەسەرەتای کاك تایەری دەزانم .. بەڵکەش ئەوەیە کە بکەڕێینەوە بۆ دیمەنی شیعری ووشەی زاووزێ پێکراو بەرچاومان ناکەوێ .. دڵمان بێ‌بڵێین تا ئەوکاتە بێ‌ناگا بووە لەزەنازەنای .. نوێ‌یەتی لەئەدەبدا ..کوا ئەو تەکنیکەی چیرۆکی نوێی تیا دانەڕێژرێ. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کەخۆی خواردبێتەوەو ئەم چیرۆکانەی دوایی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە .

**٩ - لەگەڵ‌روی هەرگەوە ..** کاك تایەر زۆر ماندووبووە .. رستەی نەسەواوی بەکارئەهاتوی تیایە .. شەوێك لەوشەوانەیە گوللە کڵی‌چاوان بوو .. گیراوەکان هەر یەکەیان بەهانەیەك بۆ نەچوونە دەرەوە ئەدۆزنەوە ..

- بەحەوت خوشك منیان هەم ..

- ژیانی سێ‌کوێر لەئەمنوم دایە ..

کەنجێك هاوار دەکا :

- چیرۆکێك ئەنوسم تانەبێ لەسەر چاوی مردن ..

لاوێك لەگەڵ پڕکردنەوەی بکەوێت‌و زەوی نیشتمان لەم دڕك‌و دالە پاك بکاتەوەو ئەوەی سرود بۆ چەوساوەکان نەڵێ رایبماڵێ ... ئەوسا ) ئەژێر چەتری رژێمێکی سۆشیالیستی نوێ هەموو مرۆڤێك بە سەربەستی بژیت .

سەرۆك ماوتسی تۆنگ دەربارەی ( لو - شون) بیروڕای خۆی دەردەبڕێ‌و دەڵێ ( لو - شون پێشەوای شۆڕشی ڕۆشنبیری چینە .. ئەو ئەبها نوسەرێکی لێهاتوو نەبو . بەڵکو شۆڕشگێڕێکی بەحەرگەو چاو قایمیش بو پالەوانێکی نیشتمانەکەی بو ، دەنگی نەمەبیری مێژووی چینە ، بەڵێ ( لو - شون ) ی نووسەرو ڕۆشنبیر ، مارکسیزیەکی لێهاتوو بوو ، مارکسیزمی بە تاکە چەك ئەزانی لە خەباتی ڕۆژانەیدا بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانی کۆمەڵگای چین .

### پاشماوەی : کی‌بوئەیوت .....

منالەکانی - ئیمام قاسم - ت ئەهاتەوە بیر ، کە تووڕەت ئەکرد .. خوێنی تووڕەی کرێکارەکانی گاورباغیت لە گۆنا سووربوەکانیدا بەدی ئەکرد .

کە لەگەڵیا دائەنیشتی .. ئەتووت .. قەڵاتە دێرینەکەی کەرکووکەو داستانی خەمی زەمانە ئەگێڕێتەوە ..، ئەتووت .. رووباری خاسەیەو ئەیەوی هەمیشە پڕو بەخوڕێ .. بۆ ئەوەی هەژارە برسی‌و تینووەکان بیخۆنەوە ،

کە لەگەڵیا بەڕێوە ئەڕۆیشتی .. هەستت ئەکرد کە دنیا ئەوەندەی پێوەیە ، مرۆڤ لەتەك هاوڕێیەکی ئەوهادا شان بداتە شانی مردن‌و نەگەڕێتەوە !

× ×

**-- مەرگ‌و مردن .. بێ‌سامە چونکە لەپاش ئێمە کەسانی‌تر هەمان ڕێ‌ڕەو ئەگرن .. ئەمە بڵوەڕی یاسین - بوو ..**

**.. باوەڕی ئەو مرۆڤەبوو .. کە عەشقی گەل ، گەلی چەوساوە بوو بوو .**

**سامی شۆڕش**

### پاشماوەی : ٧ پرسیارو ....

چاو لێ‌کەری و لاساکردنەوەش سودێکی وەر نەگرتووە .

× سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان بە هەمو فێڵ‌و کردەوەکانیانەوە سەریان لەکەلەکەمان شێواندووە وە بە هەموو جۆرێك بەربەرەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری‌و بوسینی کوردیان کردووە جگە لە مانەش گەلێ پروپاگاندەی سوك و ناشیرینیان لە دژی زمانەکەمان بڵاو کردوتەوە .

***

**پرسیاری چوارەم : نوسەرە پێشرەوەکانی کورد کێ بوون وە بە چ هۆیەك نوسینەکانیان بڵاو کردوتەوە ؟**

**وەڵامی چوارەم :**

هەندێ لەنوسەرە پێشرەوەکانی ناسراوی کورد ئەمانەن .

بابە طاهیری هەمەدانی ، ئەحمەدی خانی ، بنەماڵەی بەدرخان ، حاجی قادری کۆیی ، یوسف زیا ( ضیاء ) ، مەدۆخی ئەمین زەکی ، رفیق حیلمی ، گۆران ، حوسین موکریانی پیرەمێرد، سالح زەکی، موستەفا پاشا ، موستەفا شەوقی ، مەحمود جەودەت ، شێخ سەلام مەعروف جیاووك ، قەدری‌جان ، عوسمان سەبری ، جگەرخوێن ، فەتحوللا ئەسعەد ، زەکی هەناری ، عەبدولواحید نوری مەلا سەعید کابان .

لێرەدا پێویست بە ئەوەناکات کە ناوی نوسەرەکانی ئێستامان بهێنین وەك توفیق وەهبی و کەسانی تر .

زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم نوسەرانە لەرێگەی چاپەمەنی و کەمێکیش بەدەستبوس‌و رادیۆ بڵاو کراونەوە ...

***

**پرسیاری پێنجەم . کام گۆڤاریان ڕۆژنامە و کتێبی کوردی بۆ یەکەم جار خوێندوتانەوە ناوەڕۆکی چۆن بووە ؟ هەروەها چاکترین گۆڤاری کوردی کامەیان بووە لەبەرچی ؟**

**وەڵامی پێنجەم :**

یەکەمین جار گۆڤاری دیاری کوردستانمان خوێندوتەوە ، ناوەڕۆکی بریتی بو لە گەلێ باسی شایان و جوان وەك‌مێژووی سەلاحەددین و شیعری حاجی قادری کۆیی و چیرۆك و مەقاڵ ودەنگوباسی عیراق .

کەلاوێژ گۆڤارێکی باش و جونکە وە بە هەمو توانایەوە ڕازەی زمان‌و وێژەی کردی کردووە ...

لێرەدا بە داخەوە باش و ناباشی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردی بەگوێرەی ئامانو توانای ئێمەوەیە نەك بەپێی ئەوانەی نەتەوەکانی پێشکەوتو کە یەك لە وڵاتەکانی ڕۆژاوا ژمارەی ڕۆژنامەکانی ١١,٠٠٠ ( یازدە هەزارە ) وە یەك لەو ڕۆژنامانە هەمو ڕۆژی یەك شەموان ٧,٠٠٠,٠٠٠ ( حەوت ملیۆن ) دانە دەر نەکات کە ئێمەش ڕۆژنامەی ژین و بیری نوێ و هاوکاری‌مان هەیە .

هەروەهاش هەر ئەو وڵاتە یەك لە کتێبخانەکانی میری ژمارەی کتێبە نایابەکانی ٣٧,٠٠٠,٠٠٠ ( سی‌و حاوت) ملیۆن دانەیە کە ژمارەی کتێبەکانی کوردی کتێبخانەی گشتی هەولێرمان ٣٠٠ ( سێ سەد ) دانەیە .

***

**پرسیاری شەشەم : بەپێی ئاگاداریمان حزبە سیاسیەکان واتە ( هیوا - رزگاری - شۆڕش - پارتی دیموکراتی کوردستان - حزبی شیوعی ) دەوریان لە پەرە پێدانی نوسین‌و ڕۆشنبیری کوردی چ بووە ؟**

**وەڵامی شەشەم :**

بەرای ئێمە تاکو ئێستا هیچ حیزبێك لەو حیزبانە نەپژاوە کە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ گەشەکردن و پەرە پێدانی نوسینێکی بەرز و یەکگرتوو و ڕێزمانێکی فرەوان‌و فەرهەنگێکی دروست جۆری ڕۆشنبیری‌تر دابنێت وە هەر وەهاش ئەندامە نوسەرەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی وەك کەسانی‌تر نەو ڕووەوە ڕەنجیان داوە وە زۆر نوسەری بەرزیشیان بووە وەك ئیبراهیم ئەحمەد و گۆران‌و ڕەفیق حیلمی ...

***

**پرسیاری حەوتەم : ئێستاکە چ ڕێباز لەبزوتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا هەیە ؟**

**وەڵامی حەوتەم : ڕێبازی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری ئەم چەرخەمان بە شێوەیەکی گشتی بەم جۆرەیە :**

* تێ ئەکۆشرێ بۆ باشەڕۆژێکی بەرز و خۆش و سەربەست .

* ڕەنج ئەدرێ بۆ ڕزگار کردنی چینی جوتیار و کرێکاران لە زۆرداری‌و چەوسانەوەو نۆکەری‌و نەخوێندەواری و نەخۆشی .

* تەقەلا ئەدرێ لە دژی ئەفسون ( خرافە ) تەمبەڵی و بەرەڵایی و سادە و ساویلکەیی

* هەوڵ ئەدرێ بۆ ئاشتی خوازی و ئازادی گەلان و بیری نوێ ...

**بەڕەایێ : کوردستان بەرپەرەکێ زێڕین ...**

**( لسەر کوردا فەرە هەکە سولتانی بهیڤیا من نەکر بزاڤێ بکەن بو فێ چەندێ . )**

بەلێ ژنویکا هەلالا سەر دهلینا زین کەڤێن بەفرا هزار سالی ، ژنویکا شیرین دەفەر ژکافلانکی دهاتنە دەرو دهاتنە هوسوین‌و خوش کرن ژنویکا چریسك‌کا روناهیێ هێدێ هێدێ تارستانا لدەورا خو ڤەدرەڤاند ... وکوڕی بەر دبو پیش‌و پەلەخی‌و مروڤێ کورد سەرێ خو دهلینا ...

### پاشماوەی : لەشیلی‌دا ...

بەلام بە پێچەوانەوە ، هەموو هەوڵێکی کۆنەپەرستان پوکایەوەو جێگای شەش‌نوێنەریان لەپەرلەمانیدا دۆڕاندو دوو نوێنەریش لە نەنجومەنی سەنادا .

ئەمەش ئەواوی ئەنجامی دەنگدانەکەیە کە ڕۆژنامەی پارتی سۆشیالیست ( اولتیماهورا ) لە ٧-٣-١٩٧٣دا نەسانتیاگۆ بڵاوی کردبوەوە :

| پارتیەکان | نیسبەتی دەنگدان | نوێنەرەکانیان لەپەرلەمانا | ئەنجومەنی سەنا |
|---|---|---|---|
| پارتەکانی یەکێتی گەلی : | | | |
| پارتی سۆشیالیست | ١٨,٣٧ | ٢٩ | ٧ |
| پارتی کۆمۆنیست | ١٥,٩٧ | ٢٤ | ٩ |
| پارتی رادیکالی | ٣,٥٥ | ٥ | ٢ |
| پارتی یەکگرتووی کاری گەلی ( مابو ) | ٢,٦٦ | ٢ | - |
| چەپ خوازە مەسیحیەکان | ٠,٩١ | ١ | ١ |
| کاری میللی سەربەخۆ | ٠,٨٧ | ٢ | - |
| یەکێتی سۆشیالیستی گەلی | ٠,٢٨ | - | ١ |
| گشت دەنگەکانی پارتە چەپ خوازەکان | ٤٢,٦١ | ٦٣ | ٢٠ |
| پارتە کۆنفیدارلی‌و دیموکراتیەکان . | | | |
| دیموکراتیە مەسیحیەکان | ٢٨,٥٠ | ٥٠ | ١٩ |
| پارتی نەتەوایەتی | ٢١,٣١ | ٣٤ | ٨ |
| پارتی دیموکراتی نەتەوایەتی | ٠,٣٥ | - | - |
| پارتی چەخوازی رادیکالی + دیموکراتیە رادیکالیەکان | ٣,٦٣ | ٣ + ١ = ٢ | ٣ + ٠ = ٣ |
| گشت دەنگەکانی پارتە راست خوازەکان | ٥٣,٧٩ | ٨٧ | ٣٠ |

وە لە ژمارەی ئایندەدا چەند سەرنجێك دەربارەی ئەم ئەنجامانەو شتێك دەربارەی مێژووی دروستبوونی پارتە پێشکەوتنخوازەکانی شیلی بڵاوئەکەینەوە .

### پاشماوەی : ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ...

فرۆکەی شەڕکەرو راکێتی دژی لێدەکا .

ئەوەی لەمناوەدا قسەکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە دۆژمنی دەزانێ‌و هەڕەشەی لێدەکا ، لەبەڵەی یەکەمدا کۆماری عیراق‌و پاشان کۆماری یەمەنی دیموکراتی‌و جوولانەوەی **ڕزگاریخوازی زەفار گەلانی** دیکەی ناوچەکەیە . لەبەرامبەر ئەوانەشدایە کە ڕیژیمی شای ئێران وەك دەوڵەتی سەهیونیستی ئیسرائیل نەچێنشینی ئەمریکا دادەنێ‌و بەم ئیسرائیلی دووهەمەش هەڕەشەیان لێدەکا .

بەڵام وا دیارە فولیرایت تاقی‌کردنەوەی هیندوچینی لەبیر چۆتەوە کە هێزی ڕەشی ئەمریکاو هاوپەیمانی‌نەکا سەرەنجام لەبەرامبەر ئیرادەی گەلانی وێتنام‌و لائوس‌دا بەچۆك‌دا هات‌و بەیەك دنیا شەرمو سەرشۆڕیەوە لەوگێژاوەیە ڕزگاری بوو . بەبێ‌شك دەسکەوتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش هەر ئەوە دەبێ کە لە هیندوچین ڕێی بڕا .

### پاشماوەی : ئەم هەفتەیە لە مێژودا ..

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا کۆچی دوایی شاعیر پیرەمێرد .

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا دامەزراندنی کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد لەبەغدا .

لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا خێڵی ( جەلالی ) کورد خێڵی سۆرشێکبان لە کوردستانی ئێران‌و تورکیادا بەرپاکرد .

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی کورد لەبەغدا گیرا .

**ڕوودواوی عیراقی‌و عەرەبی :**

لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٦دا بیرەوەری ڕۆژی کشانەوە لە میسر .

لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا ڕۆژی‌قەلاچوکردن لەبەندیخانەی بەغدا .

لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٦١دا کوێت سەربەخۆیی وەرگرت .

لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢١دا وەزارەتی بەرگری عیراقی دامەزرا .

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٣دا تورکیا پاریزگەی کەسکەندەرونەی لە سوریا داگیرکرد .

**ڕوودواوی جیهانی :**

لە ١٨ی حوزەیرانی ١٨٠٥دا شەڕی ( واتەرلو ) ی نێوان لەشکری ناپلیۆن‌و هاوپەیمانەکان ڕوویدا .

لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٧دا پۆلسی شەشەم گرایە (پاپا) .

لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١دا لەشکری ئەلەمانیای نازی پەلاماری خاکی سۆڤیاتی‌دا .

لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا سەرەك کۆماری ئەندونیسیای پێشوو ( ئەحمەد سۆکارنو ) کۆچی‌دوایی کرد .

### پاشماوەی : کوردوکوردستانەکەت بناسە ..

**ئازەر می دوخت :**

کچی پەروێزی پاشای ساسانیەکان‌بوە . بە زیرەکی‌و جوانی‌و ژزایەتی ناوبانگی دەرکردبوو . پاشمردنی پەروێزی باوکی بوەتە پاشای ساسانی‌و لە ( مەدائن . تەیسەفۆن )ی پایتەختدا دانیشتووە . بێ‌ئەوەی وەزیری هەبێت فەرمان ڕەوایەکی بشی‌کردوە . ( فەرەخ کوڕی هورمز ) والی خۆراسان گیرۆدەی عەشقی ( ئازەر ) ئەبێت بەڵام ئازەر دڵی تەنها لەلای حوکمرانی بوەوبەس دڵی‌پێ نەداوە ، فەرەخ وەکو مۆم بۆی ئەسوتێ‌و وازی‌لێ ناهێنێت ئەمیش وەعدی چاوپێکەوتنێکی ئەداتی ، فەرەخ ڕۆستەمی کوڕی لەجێی خۆی دانەنێت‌و بەرەو ئازەر نەچێت بەڵام ئازەر خۆی بەدەستەوە ئدات‌و فەرەخ بەکوشتن ئەدات . ڕۆستەمی کوڕی فەرەخ کەبەم سەرکوزەشەیە ئەزانێت بەسوپایەکی گەورەوە هێرش ئەباتە سەر تەیسەفۆن‌و تۆڵەی باوکی وەرئەگرێت‌و ئازەر ئەکوژێت‌و کۆتایی بەحوکمرانی ساسانیەکان ئەهێنێت کاتی سوپای ئیسلام بەسەرۆکایەتی سەعد کوری وەقاس هێرش ئەباتە سەر تەیسەفۆن ئەم ڕۆستەمی بەرگری ئەو سوپایەی بەتەواوەتی پێ‌نەکرابو شکستی هێنا .

×

### جەژنی ڕۆژنامەگەری‌و ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسانی وڵات - پاشماوە

سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری کوردستان . وە بایەخێکی ئەوتۆ لەهیچ‌لایەکەوە بەڕۆژنامەگەری‌و ڕۆژنامەنووسی کوردنەدراوە بۆیە تائێستا ڕۆژنامە گەورەکانی کورد بەیارمەتی کادیری عەرەب دەرئەچن .

هەرچەندە ئەم وەزعە نالەبارو ناخۆشە لەهەموو باری ژیانی سیاسی کوردو کوردستان جیاناکرێتەوە بەڵام مانای ئەوە نییە کە نەئەتوانرا بەتەقەللای تایبەتی ڕێکخراوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و زانیاریەکانی کوردو کوردستان بارێکی لەبارتر لەم ڕووەوە بهێنرایە کایەوە .

بەڵام دەربارەی خاڵی دووەم ، دەربارەی ئەرکی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ ئاشکرایە کە ڕۆژنامەنووسان بەشێکی هوشیاری گەلن‌و ئەرکی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتیان گرتۆتە ئەستۆو ڕێگای خەباتێکی سەختی درێژخایەنی ئازایانەیان گرتۆتەبەر .

وەئەم ئەرکە بایەخدارە گرنگەی جێ‌بەجێی ئەکەن بەهیچ شێوەیەك لەئەرکی سەرەتایی‌و پێچینەیی هێزەنیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان جیاناکرێتەوە .

هەروەها ئاشکراشە کە نووسەر ئەتوانێت پێ‌نووسەکەی بۆ پێشکەوتنی وڵات‌و ڕوون‌کردنەوەی ڕێگای ڕزگاری‌و سازکردنی ژیان‌و گوزەرانێکی بەختیار بەکاربهێنێت هەروەکو ئەتوانێت بۆ فریودان‌و لەخشتەبردنی کۆمەڵانی خەڵکی بیخاتەکارەوە .

جا ئەرکی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانی دڵێرو خاوەن‌بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو پشت‌بەستوو بەگەل ئەوەیە کە دوژمنایەتی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستان‌و هەموو چینە چەوسێنەرەوەکان تیژبکەن‌و ئاگری خەباتی شۆشگێڕی لەپێناوی بەختیاری‌و کامەرانی‌و ژیان‌و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتدا خۆش‌بکەن .

ئەرکی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانی کورد خەبات‌کردنە لەپێناوی جێ‌بەجێ‌کردنی ئۆتونۆمی کوردستان‌و چارەکردنی مەسەلەی جوتیارو کرێکارو ڕەنجبەرانی کوردستاناو تێکوشانە دژی پوچەڵ‌کردنەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی خاوەن ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی کورد .

تێکۆشان لەپێناوی هوشیارکردنەوەی چینە ڕەنجبەرەکانی کوردستان ، خاوەنی قازانجی ڕاستەقینەی هەقە نەتەوەییەکانی گەلی کورد . تێکوشانە لەپێناوی پتەوکردنی برایەتی‌و تێکوشانی ناوکۆیی نیوان کوردو عەرەب بەتایبەتی‌و نیوان کوردو هەموو گەلانی دنیا بەگشتی .

با بیرەوەری ڕۆژنامەگەری کوردو عەرەب درێژەدانی خەباتی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە بێت لەپێناوی دوارۆژێکی خوشترو ژیان‌و گوزەرانێکی بەختیارو چارەکردنی هەموو مەسەلە نەتەوەیی‌و چینایەتی‌یەکانی هەردوو گەلی کوردو عەرەب بێت .

لەم بیرەوەریە پیرۆزەدا سڵاو لەهەموو ڕۆژنامەنووسانی نیشتمان‌پەروەرو پێشکەوتنخوازی کوردو عەرەب‌و کەمایەتی‌یەکانی عیراق ئەکەین‌و دڵنیاین لەوەی کە تادێت پێ‌نووسی ئازادو پێشکەوتنخواز ڕێگای تێکوشان ڕوناك‌ترو ئاسوی بیروباوەر فراوانترو قازانجی گەل ڕۆشن‌تر ئەکاتەوە . هیوادارین لەبیرەوەریێکی داهاتوودا بەسەرکەوتنی برا ڕۆژنامەنووسەکانمان لەکوردستانی ئیران‌و تورکیا شادبین‌و ئەوانیش وەکو ڕۆژنامە نووسی کوردی عیراق بێنە کۆڕی خەباتی ناشکراوە .

هەروەها سڵاو لەو ڕۆژنامەنووسە عەرەبانە ئەکەین کەبەگەڕای تێکوشانی شۆڕشگێڕی گەلانی عەرەب بەنهێنی‌و ئاشکرا ڕوناك‌ئەکەنەوەو تێکۆشانی چەکداری عەرەب لەفەلەستین‌و زەفارو ئەرتیریاو .. بەرەوسەرکەوتن ئەبەن ، سڵاو لە هەموو نوسەرێکی نیشتمان‌پەروەرو پیشکەوتنخواز لەدنیادا .

### پاشماوەی : لیبیا کومپانیای .....

١٩٧١دا لیبیا ئەم کۆمپانیای ٧ی کانونی یەکەمی ساڵی بەریتانیای میللی‌کرد وە ڕۆژی ١١ی ئەم مانگەش کومپانیا ئەمەریکاییەکەی کرد بە مولکی لیبیا . ئیستاکە ٤٢ کۆمپانیای بێگانە لەلیبیا نەوت دەرئەهێنن وە زوربەیان هی ئەمەریکان‌و لەمانە : ئاسۆو موبێل ئویەل‌و لیبیا تکساس‌و کومپانیای ئەتلەنتیك لیبیاو گالف ئویەل .

### بەڕەایێ : ڕۆژنامەگەری وبزاڤا

ژچەکێن دی .... ژەڤریا ڕۆژنامەگەریا وی
ئەڤ چەندە بو مە خوبا مللەتی‌و کانێ هەتا چ بەبس
دبیت لسەرێن ئەڤرو دهێنە ئەڤ چەکە دکاریت بەرگری‌یێ
کرن لەپێناەی‌و گەمبودیای‌و زەلانێن مللەتی بکەت‌و ڕۆژنامە-
لاوسێ‌و هزاران جۆین دی ... گەری دێ هەر مینین ئەو چەکێ
هەروەسا سەرکەفتنا مللەتان پیروزو بالا بو هاریکاری‌و
دژی ئیمپریالزمێ‌و دەستە- خزمەتا بزاڤا پێشکەفتی‌خازا
سەرکرنێ واگرێدایە بزاڤا مللەتان ...

### دلوپ دلوپ

خوینەڤانێن هێژا :

ئەڤرو سێ ساڵو شەش‌هەڤ‌و شەش ڕۆژ بسەر تەمەنێ - هاوکاری - بێ‌قەچون ....

هژمارا ئێکێ ڕوژا ٩٠-١-١٩٧٠ واهاتیە چاپکرن ... بیرەوریا چەژنا ڕۆژنامەگەریا کوردی‌و بسەفەچونا سێ ساڵا لسەر دەرکەفتنا هاوکاری - بێ ئەم پیروز باهی‌یا هەمی ڕۆژنامە نڤیسەکێن کورد دکەین‌و ئومێدەوارین ڕۆژێن داهاتی دخزمەتا ڕۆژنامەگەریا کوردی بن ، ژبوخاترا درستکرنا کوردەکێ نوی دگەل کوردستانەکا سەربخو ... ئەم



institutkurde@gmail.com

بەبۆنەی جەژنی رۆژنامەگەری یەوە :-



# یادگاری سێ ساڵ وشتێك لە رۆژنامەی "هاوکاری"

● ئیش کردن ، لە کۆڕی رۆژنامەگەریدا ، ئەوەندەی ئەرکێکی گرانو پرسینەوەیە ، بەلای رۆژنامە نووسەوە ، چەندان ئەوەندەی ئەو گرانیو سەختیە پیشەیەکی خۆشرو بەتامە •

● ئەم گرانیو گەورەیی بەرپرسیاریەی لەئەستۆی رۆژنامە نووسە ، لە کۆڕی رۆژنامەگەری کوردیدا گرانترو سەختترە ، ئەویش بەپێی ئەو باروزروفەی بزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی پیا رۆیشتوە ، هەر لە گیروگرفتی زروفی رابوردووەوە تا گیرو گرفتە تەکنیکیەکانی ئیستە لەرووی چاپخانەو کەمی کادیرو ... هتد •

● بەلای ئێمە مانانەوە ، هەرچەندە ناتوانین بەخۆمان بڵێن « رۆژنامە نووس » بە مانا راستیەکەی ، چونکە ناقی کردنەوەکانی ئیش کردنمان لەم پیشە گرانە خۆشەدا ئەوەندە زۆر نیە بتوانین راستو رێك

ئەو ناوە لەخۆمان بنێین ،لەگەڵ ئەوەشدا لەتەمەنی کورتی ئیش کردنمانا فێری زۆر شت بوین کە بونەتە یادگاری پیرۆزی ژیانمانو ئەتوانین شانازی ئەوەی پێوە بکەین یەکەم هەنگاوە لە رێگایەکی دورو دیژو سەختا •

● ئەوا سێ ساڵو شتێکە رۆژنامەی ـ هاوکاری ـ

ـ جلال ـ ـ حمید ـ ـ برهان ـ

جلال میرزا کریم

گومان لەوەدانیە کە رۆژنامەی ـ هاوکاری ـ وەك هەموو رۆژنامەو گۆڤاریکی تری کوردی چەندەها گیروگرفتی لەبەردەمدایەو لەکەمو کورتی خاڵی نیەو نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو مەرجو پێویستیەکانی رۆژنامەگەری پربکاتەوە •

لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتو کەمو کووڕیانەشدا رۆژنامەی ـ هاوکاری ـ هەر لەسەرەتای دەرچونیەوە بە شانازیەوە توانیویەتی لە دەرچونیا رێك و پێك بێو ئەو ئەرکە مەزنانەش بە پێی توانا و وزەی خۆی بەجێ بێنێ کە خستبویە سەر شانی خۆی لە خزمەت کردنی زمانو ئەدەبو مێژووی گەلەکەماندا •

ورد بوونەوەیەکو چاو پێا گەڕانێکی تەواوی زمارەکانی ئەم رۆژنامەیە ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە بەراستی بۆتە قوتابخانەیەك بۆ نەوەی نوێو دەستەیەك قوتابی لێهاتوی پەروەردە کردوەو لەناو خوێندنەرانی کوردیشدا دەنگو سەدایەکی باشی هەبوەو هەمیشە لە خزمەت کردنی بزووتنەوەی سەقافیو زانیاریو ئەدەبو مێژووی گەلەکەماندا کەمتەرخەمی نەکردوە •

دەربارەی سەقافەتو ئەدەب •• هاوکاری ئاستێکی گەشی لەبەردەم خوێنەرانی کوردا کردەوەو هەمیشە سەقافەتو ئەدەبی پێشکەوتوانەی بەکۆمەڵانی خەڵك گەیاندوەو رووی راستەقینەی بزووتنەوەی سەقافیو ئەدەبی کوردی خستۆتە روو •

وە لە بارەی گەشە پێدانو ئاڵاو کردنەوەی بیروباوەری پێشکەوتنخوازیو پێکەوە بەستنی لەگەڵ رێبازی نەتەوەیی و دیموکراتیانەی گەلەکەماندا دەورێکی باڵاو ئاشکرای هەبوەو هەردەم هاندەری پتەوکردنی ئەم لایەنە گرنگەبووە •

پەی دەرپەییش لەمەو مەسەلەی خەباتی گەلان دووایەو هەڵویستی خۆی دەربارەی تەکنیکیو چاپەمەنیەوە توانیویەتی زۆر گیروگرفتی چارەسەر بکات ، هێشتا بەنیسبەت خۆمانەوە تەنیا بەتاقی کردنەوەی سەرەتایی ئەزانین لەم رێگایەدا •

وا لێرەدا سێ برای تر لە ئیش کەرانی رۆژنامەکەمان • لەم بارەیەوە قسە ئەکەن •

● * ●



★ حمید عزیز ★

هەرچەندە رۆژنامەی کوردی لەم ماوەیەدا بەهەنگاوی گەورە بەرەو پێش چوەو لەناوەرۆکو شێوەدا گۆڕانی وای بەسەرا هاتوە تاڕادەیەك ئەتوانین بڵێین لەهەندێ قۆناغەوە پێشکەوتن لەگەڵ رۆژنامە عەرەبیەکانا ئەکات ، ئەئێم لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی کوردی بەگشتیو هاوکاری بەتایبەتی چەند کۆسپو گیروگرفتیکی لەبەردەمایە کە بەئەنجامی ، بەرای من بریتین لەمانە :

● شێوەیەکی بەکگرتوی نووسین : بەداخەوە تاوەکو ئیستا رێرەوێکی رێکوپێکمان نیە کە لەنوسینەوەلەمەیانی رێزمانو ئیملادا پەیرەوی بکەین ، ئەم وشەیە ، دوو واوی تیادا ئەبێ یان یەکێك ،وشەکە کە پارچەداڕە بەسەریەکەوەیە یان بەدووبەش ئەنوسرێ ... ( فعل ) لە ناوەراستی رستەدایە یان لەدواوە باخود سەرکەزدانەو مصطلحاتو چەندشتێکی تر • جا ئێمە بەوشێوەیەی لەرۆژنامەیەکی کوردیدا ئیش ئەکەین رۆژ نیە کەچەند جارێك ئەم گیروگرفتەی زمانو جۆری نوسینەوەیە بەرۆکمان نەگرێ •

● جۆری ( نوعیەت )ی ئەوسینەی بۆمان دێت یاخود کارکەرانیرۆژنامەکە ئەینووسن لەگەڵ دەستخەتەکە ، زۆر جار نا چارئەبین کەسەر لەنوێ هەندێلەو نوسینانە بنوسینەوە کەبۆمان دێت چونکە بەخەتێکی ئەوەندە ناخۆش نوسراوە ئیمە بەباشی بومان ناخوێنرێتەوە جا چەجای کریکارانی لاینو کە عەرەبن وکوردی نازانن شتێکی تر کە جیگای سەرنج راکێشانە لەماوەی ئەو سێ ساڵەی رابوردوا کە لەهەوکاریدا ئیش ئەکەم زۆر جار بینیومەکە نوسەرێ شتمان بۆ ئەنیرێ .. جارێ شیعری داناوە جارێکی تر چیرۆك ئنجا رەخنەیەکی ئەدەبیشی بۆ ناردوینو نوسینو لێکۆلینەوەی سیاسیشی نوسیوە .. واتە دەستی لە هەمو دیزەیەکدا کێراوە •

● گیروگرفتی چاپخانەو لاینۆ زەنگوگرافو نەبونی ( میجر ) و پیتی بچوکی کوردی .. جارێ ئەوگیروگرفتانە لەبەر زۆریدا هەرباس ناکرین •

ئەمانەوێ هەواڵی بلاوبکەینەوە ، خۆی سێ چوار وشەیە کەچی کە لە لاینۆ لێ ئەدرێ لەبەرئەوەی پیتی بچوك بەکوردی نیە ئەبینین چارەکە ستونێ دەرچوە نەمەش کارئەکاتە سەر شێوەو رواڵەتی لاپەرەکەو پڕ بونەوەی بەمادەیەکی کەمو لەدواییا نەخشەی لاپەرەکە بەوریکو پیکو رازاوەیە نابێت کەخۆمان ئەمانەوێ و دامان ناپوو •

● نەبونو کەمی کادری شارەزا • لەمەیانی کادری رۆژنامە نوسی سەرکەوتوا زۆر هەژارین ، وەبەرای من تاوەکو ئیستا (١٠) کادری وامان نیە کە بەراستی پێی بوترێ رۆژنامە نوس بێ کومان ئەمەش ئەکەرێتەوە بۆ چەند هویەك کە هۆیەك لەم هۆیانە ئەوەیە کە زوربەمان هاتوین لەرۆژنامەکان ئیش بکەین مەسەلەی گوزەرایو باری ژیان پاڵی پیوە ناوین • یاخود مەسەلەی زامن کردنی ژیانەکە لەپێش ئارەزوی رۆژنامە نوسێتی دابوەو وورده وردە وامان لێ هاتوە کەلەم مەیانەدا بمێنینەوەو خۆمان بگرین •

● لەلایەکی تریشەوە رۆژنامەی کوردی بەتایبەتیو چاپەمەنیو تیبی کوردی بەکشتی لەبارێکی سەیرا ئەژی • لەپێش هەموشتیکا خەتکی زۆربەکەمی رۆژنامەو کتیبی کوردی ئەخوێنەوە ... بەلانەوە سەیر نەبێ کە تاوەکو ئیستا دووهەزارو ٥٠٠ دانە هاوکاری لەشارەکانی کوردستانو بەغدا ئەفرۆشرێ کەئەمەش زیاترین ژمارەیە لە فروشتنی رۆژنامەی کوردیدا خو کتیب ئەوا هەرباسی ناکرێ دیسانەوە تاوەکو ئیستا دەزگایەکی ئەونونیە کە ئەرکی دابەش کردنو ناردنی رۆژنامەو کۆڤارەکان بەرێکوپێکی بۆشارەکانی کوردستان بنێرێ • تاوەکو ئیستاش زوربەی قەزاو ناحیەکانی کوردستان رۆژنامەو گۆڤاری کوردیان بۆ ناچی .. جا یان کتیخانەی گشتی یان ئەهلی یان تیادانیەو بەم پێیە جەماهیریکی زۆری خوێنەران هەموو جورە پەیوەندیەکیان لەگەڵ رۆژنامەکانا پچراوە •

● دەربارەی شێوەو ناوەرۆکی رۆژنامەکەش ، زۆر جار دوو رێگامان دێتە بەردەم، چاو لە رۆژنامەکانی تری ولات بکەینو وەکو ئەوان دەری بکەین یاخود شێوەیەکی تازە بکرینەبەر ، واتە لاپەرەیەك هەواڵو لاپەرە دوو لێکولینەوەو سیاسەتی دەوڵەتانو لاپەرەیەکی ئەدەبو شتی تر یان شێوەیەکی تری هەبێ .. بەلای منەوە ئەو مەسەلەیە زۆری پێ ئەوێو هەویرەکەی ئاوێکی زۆر ئەکیشێ •

دەربارەی ئاونیشانی نوسینەکان ، وەبەتایبەتی مانشیتەکانی لاپەرەی یەك دوو ڕای تر دێتە کایەوە مانشیتەکان لەسەر شێوەی دروشم بن واتە ( شعاری ) یاخود وەکو هەواڵ وابی ( خبری )بی ، ( فعلی ) مانشیتە کە ( ماضی ) بێیان ( مضارع ) واتە کە وەقدێك لەولاتێکەوە چوە بۆ ولاتێکی تر شێوەی مانشیتەکە ( مضارعی نزیك ) بێ یان ( رابوردوو ) ... لەگەڵ ئەمەشا بەقەناعەتەوە ئەتوانین بڵێین کە رۆژنامە کوردیەکان بەگشتیو هاوکاری بەتایبەتی زۆر پێشکەوتوەو توانیویەتی تارادەیەك بەسەر گیروگرفتی رۆژانەدا زاڵ ببێو کەلینێکی گەورە لەمەیانی رۆژنامەگەری کوردیدا پڕ بکاتەوە •

● * ●

ـ برهان قانع ـ

رۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتای لەدایك بونیەوە و تا ئیستە گەلیك گیروگرفتی گەورەی لەریگادا بوەو هەیە .. هۆی هەرە بنەرەتی ئەمەش بەرای من ئەوەیە نەو دەسەلاتانەی کە لەکوردستانا حوکمیان کردوە وەکو کورد بیەوێ بەئەنگ پیشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردیەوە نەبون .. وە لەهەندی شویندا وەکو کوردستانی تورکیا ئەوە ناوی رۆژنامەگەری ناتوانی پێ بنێتە ناو لاپەرەی فەرهەنگە کەیانەوە •

خۆ لە کوردستانی ئیرانیشدا جاروبار نەبێ کە ئەویش دائیرەکانی سازمانی ئەمنیەت بونیازی خۆیانو خافلاندنی خەلکی ساویلکەو خۆش باوەر بەناوی « کوردستان » ەوە رۆژنامەیەکیان بەکوردی دەرئەکردکە ئەویش لەدەرەوەی ولاتی ئیراندا بلاوئەکرایەوە ئیتر رێگای هیچ جۆرە چاپەمەنیەکی سەربەست نەدراوە •

لە کوردستانی عیراقدا کە چاپەمەنی کوردی وە بەتایبەتی رۆژنامەگەری لەبەشەکانی تری کوردستاندا باشترە تا رادەیەك رێگایەکی شێوە سەربەستی پێدراوە ئەویش گەلیك گیروگرفتی وای هاتوەتە رێگا کە نەبتوانیوە پەپێی ویستو ئارەزوی خۆی پیش بکەوێ .. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ ئەو هەموو بارو زروفو دۆخە نالەبارانەدا کە تیایاژیاوە ئەهمیەتی میژویی خۆی پاراستووەو تیکەڵاوی گیژاوی سیاسی کونەپەرستانە بووەو لەسەر هێلیکی ئەتەوایەتی شورشگیرانەی دژ بە ئیمپریالیزم خۆی پەروەردە کردوە •

رۆژنامەگەری کوردی هەمیشە لەگەڵ رەوتی سیاسی نەو ولاتانەدا کە تیایا ژیاوە لە شەریکی دەسەو یەخەیی و زووان بازیدا بووە .. زیاد لەوە کەهەمیشە چووە بەگژ کونەپەرستانی ناوخۆو فەرمانرەوایی دژی بەرژەوەندی گەل ..

بە ناشوکری نەبێ لەو شوینانەی کە خومان توانامان بووە رۆژنامەگەری پیش بخەین لەبەر ئەرکی گرانی شۆرش دیسان رۆژنامەگەریمان ئەگەر دواش نەکەوتبێ لەشوینی خویا راوەستاوە ..

بێ ئینە سەرباسی رۆژنامەی ( هاوکاری ) :

ئەم رۆژنامەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە دەستی کردوە بەدەرچونو بیدوا کەوتن هەمو ژمارەیەکی بەرزیك و پێکی گەیشتۆتەدەستی خوێندەوارەکانمان ئەویش دیسان گەلیك گیروگرفتی گەورەی هاتوەتە رێگا ، بەلام بەهۆی زیاتر خۆماندوکردنی کاربەدەستانی رۆژنامەکەوەو هەست کردن بە خزمەتو لێپرسینەوە رۆژنامەکە ئەکاتی دیاری کراوی خۆیا هەر دەرچوەو کەوتوەتە بەردەست خوێندەواران •

رەنگ بێهەندیك لەخوێنەرە بەریزە کانمان وابزانن ئەم رۆژنامەیە بێماندوبونو خۆبوە خەریك کردن ئاوا لەقەواڕەیەکی قەشەنگو ناوەرۆکێکی ئایابو خوێندەوارە کانمان ئاخۆ چیمان پێ بڵێن ٠٠؟ ئاخۆ خەلك چۆنی بەراورد بکات ٠٠؟ بەلام ئەوەی شارەزای گیروگرفتەکانمان بێت گلەیی ناکات •

خوزگایە چاپخانەیەکی تایبەتی لەکوردستانا هەبوایەو هەمو کەرەسەیێکی چاپەمەنی وەکو چەرخی نوێو لاینوو پیتی وردو مەکینەی زەنگو پڕ بوایە لە ئیشکەری لێهاتوو کادری شارەزاو ئینجا ئیمەش لەوپروژە روشنبیریەدا زیاتر خۆمان ماندو بکردایە ..

لە رۆژی ـ رۆژنامە ـدا

## هەڵوێست



● چوار رۆژی تر ، ١٩ی حوزەیران ، یادی کۆچی دوایی شاعیرو رۆژنامەنووسی گەورەی کورد ، پیرەمێردی نەمرە ، کە لە ١٩ی حوزیرانی ساڵی ١٩٥٠ دا کۆچی دوایی کرد •

● جا بەبۆنەی رۆژی جەژنی رۆژنامەوە ، بەشانازیەوە سلاوو رێزمان بۆ رۆژنامە نووسو شاعیرو فەیلەسوفی نەمری نەتەوەی کورد ، « پیرەمێرد » تاراستەیە، ئەو پیاوە بەجەرگەی یەکێك بوو لە پێشرەوەکانی دامەزراندنی بنەڕەتی رۆژنامەگەری نوێ لە کوردستانداو گوڵی تەمەنی خۆی لەم پێناوەدا هەڵوەراندو بە ئارامو خۆڕاگرتنەوە ، بە شوبوخوبیو لەژێر باری گرانی ژیانا ، رێگای پڕ لەئیشو ئازاری سەخت ترینو پیرۆزترین پیشەی خزمەت کردنی گەلی کوردی ئەبڕی • ئەویش رێگای پیشەی رۆژنامەگەری بوو •

● لەم یادە پیرۆزەدا ، هەزار سلاو بۆ گیانی ( پیرەمێرد )ی نەمر ، بۆ ئەو ، وە هەموو ئەو مۆمە بەشەوقانەی بە ئاگری وشەی پیرۆز بۆ رووناك کردنەوەی رێگای دوورو درێژی خەباتی گەلی کورد سووتان •

● سلاو بۆ ئەوان ، وە پیرۆزبایی بۆ ئەوانەی لە رێگادانو رێزی شەرەفی وشەی پیرۆز وەك خۆی نەگرنو لەم رێگا سەختە پڕ ئەرك و لێپرسینەوەیەدا راستی ئەخەنە سەرروو هەموو شتێکەوەو نایەزن و مل بو ترس کەچ ناکەن •

لە ئەدەبی کەلانەوە :

## گۆرانی خۆشەویستی بەیانیان

شیعری : تیلان قیین
گۆڕینی : بەهرە

تیلان قیین :

* یەکێکە لە هەرە شاعیرە ناسراوەکانی گەلی ئێتنام م
* لە ساڵی ١٩٢٠دا لەدایك بووەو یەکەم دیوانی شیعری ساڵی ١٩٣٧ بڵاو کراوەتەوە •
* قیین ، یەکێکە لەوشاعیرانەی دەستیکی گەورەی هەبووە لەپیشکەوتنی بزوتنەوەی شیعری ئێتنامدا •
* کە شۆڕشی گەلی ئێتنام بەرپا بوو ، تیلان قیین چوە ریزی ئەو شۆڕشەوە ، ئەمەش سەرەتای گۆڕانیکی گەورەبو لە ژیانی ئەدەبی ئەم شاعیرەداو لەوکاتەوە توانیویەتی بە بەرهەمەکانی باری سەرنجی وەکو رۆشنبیریکی شۆڕشگیر بەرامبەر گۆڕانە ئیجابیەکانی دنیا دەربڕێ •
* ئەم شاعیرە تائێستە هەشت دیوانی چاپکراوە لەو دیوانانە : « ویرانە » ، « ئالتونی ئەستێرە » •

که تۆ ئەڕۆیت ، ئێوارە دادێت •••
باڵندەکان بێدەنگ ئەبن !
که تۆ دێیت ، بەیانی رووناك هەڵدێت ••
کەتۆ ئەمێنیتەوە ، لە رووناکی رۆژدا •••
گوڵو گوڵزار •••،
هەموو دنیا دائەگرێ •••!
وە بەشەو •••، خۆشەویستیت ،
وەك ئەستێرە بەسەرمەوە ئەدرەوشێتەوە ••
باڵندەکان •••
یان کوچ ئەکەن ••
یان بێدەنگ ئەبنو تاریکایی هەمو شوێنی دائەپۆشێ
خۆشەویستیت ••
رووناکیمان بۆ نەهێنێ •••
وە لەئاسمانی لێلدا •••
که تۆ دەرئەکەویت •••
بەیانیکی نوێمان بۆدێت ••